گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی ڕەفیق چالاک لە پەرەپێدانی شانۆی کوردیدا

**شەمال عزیز حمدامین رسول**
بەشی زمانی کوردی, کۆلێژی پەروەردە , زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
Shamal.00145474@gmail.com

**پ.ی.د. کیفی أحمد عبدالقادر**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆ کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عیراق
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٢/١١/٢١
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٨
بڵاوکردنەوە:بەهاری ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان:**
*Singer, actor, storyteller, translator Theatrer, playwright*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.1.5

## پوختە

هەموو نەتەوەیەک خاوەنی ژانری شانۆی خۆی هەیە، لە ناو نەتەوەی کوردیشدا لە سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم ژانری شانۆیە سەری هەڵدا، ناوەڕۆکی دەقە شانۆییەکان و شانۆگەرییەکان هەڵقوڵاوی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردین، نووسەران و شانۆکاران توانیویانە لە ڕێگای شانۆگەرییەوە باس لە کێشەکانی کۆمەڵگا بکەن! هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدەن، ناونیشانی توێژینەوەکە لە ژێر ناوی: (ڕۆڵی ڕەفیق چالاک لە پەرەپێدانی شانۆیی کوردیدا)، کە لەم ڕێگەیەوە توانیومانە باس لە هەوڵ و ئەزموونەکانی ڕەفیق چالاک بکەین لە بواری نووسینی دەقی شانۆیی و ڕۆڵبینینی لە ناو شانۆگەرییەکاندا.

ڕەفیق چالاک جگە لەوەی نووسەرێکی باشی دەقی شانۆیی بووە، وەرگێرێکی بە ئەزموونیش بووە، توانیویەتی چەندین دەقی شانۆیی وەربگێرێتە سەر زمانی شیرینی کوردی، جگە لەوەش دەرهێنانی بۆ چەندین شانۆگەری کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ڕەفیق چالاک کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی و لەدایکبووی ئەم شارەیە، بەڵام موڵکی هەموو میللەتی کوردە! ئەو کارێکی وای کردووە، کە تا ئێستاش لەناو خەڵک جێگەی قسە و باسە! توانیویەتی بەو بەهرە جوانانەی شتێک بخاتە سەر خەرمانەی ئەدەب و هونەری کوردیی و هەموو هەوڵ و کۆششی ئەو پێگەیاندنی نەوەیەکی چالاک و ڕۆشنبیر و خوێندەوار بووە، دەنگێک بوو وەکو چەک دژی داگیرکاران و سۆزێک بووە، بۆ بەهۆشهاتن و هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی و شۆڕش لەناو دڵ و دەروونی گەنجان و لاوانی نەتەوەکەی دروستکردووە.

**سنووری توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە بەهۆی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستماندا هەبوون، باس لە ژیان و سەرگوزشتە و ئەزموونی ڕەفیق چالاک بکەین و بە هێنانەوەی بەڵگە قسە لەسەر بەرهەمەکانی بکەین و هەڵسەنگاندنی زانستی بۆ ئەنجام بدەین.

**ئامانج و گرینگی بابەتەکە**: ئامانج لەم کارەی ئێمە ئەوەیە: ئاشناکردنی کەسایەتییەکی پڕ ئەزموون و کوردپەروەر بەتەواوی میللەتی کورد! ئەمەش لە ڕێگەی خوێندنەوە و بەیانکردنی ژیان و بەرهەمی ئەم ئەدیب و هونەرمەندە. کەم کەس هەبوون لەسەر ئەم پیاوە بنووسن و توانا و بەهرەکانی ئەم پیاوە نیشانی تاک بەتاکی میللەتی کورد بدەن! بۆیە ئێمە لەم سۆنگەیەوە و هەستکردن بەم بەرپرسیارەتییە، کە لەسەر شانماندابوون بە پێویستمان زانی ڕۆڵی ئەم پیاوە بخەینەڕوو! کە لە هەر پەنجەیەکی هونەر و بەهرەیەک دەبارێت! گرینگی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدایە تا ئێستا هیچ کەسێک و لایەنێک لە هەوڵی ئەوەدا نەبوون ئاوا بە وردی ژیان و سەرگوزشتە و کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی ڕەفیق چالاک کۆبکەنەوە و لە دووتوێی کتێبێک یاخود توێژینەوەیەکی زانستیمان بەدی نەکرد، کە باس لەم کەڵە پیاوە بکات و بە گەنجان و خوێنەرانی ئەم سەردەمە ئاشنابکەن!

**ڕێبازی توێژینەوەکە**: لەم توێژینەوەیەدا سوودمان لە میتۆد و ڕێبازی (وەسفی و شیکاری )وەرگرتووە و بابەتەکەمان بەیانکردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**: ناونیشانی توێژینەوەکە بەناوی(ڕۆڵی ڕەفیق چالاک لە پەرەپێدانی شانۆی کوردیدا)، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندواە لە بەشی یەکەم باس لە ژیان و سەرگوزشتە و ناو و نازناوی ڕەفیق چالاک بکەین. بەشی یەکەم لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا: باسمان لە ژیانی تایبەتی ڕەفیق چالاک کردووە، ناوی چییە نازناوی چییە؟ کەی لەدایک بووە؟ چۆن خوێندوویەتی؟ چۆن ژیاوە؟ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانەمان داوەتەوە بە وردی. لە بەشی دووەمدا باسمان لە بەرهەمەکانی ڕەفیق چالاک کردووە!، لە تەوەرەی یەکەمدا: چەمک و زاراوەی شانۆ و چیرۆکی شانۆییمان ڕوونکردۆتەوە. تەوەرەی دووەم: مێژووی هاتنە ناوەوەی شانۆیی و چیرۆکی شانۆیی بۆ ناو ئەدەبی کوردی بەتایبەت کلە کوردستانی باشوردا. تەوەرەی سێیەم سیما و تایبەتمەندی شانۆیی و چیرۆکی شانۆییمان باسکردووە.تەوەرەی چوارەم: چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاکمان هێناوە و بە شێوەی زانستی و هونەری ڕوخسار و ناوەڕۆکی چیرۆکە شانۆییەکان باسکردووە و شرۆڤەمان بۆیان کردووە! چەند نموونەیەکمان هێناوەتەوە و قسەمان لەسەر لایەنی زمان و ناوەڕۆک و لایەنی هونەری و ئیستاتیکای بەرهەمەکانمان نیشانداوە. لە تەوەرەی دووەمی ئەم بەشەدا باسمان لە گۆرانییەکانی کردووە و باس لە گرنگی و ڕۆڵی گۆرانیمان کردووە بۆ وشیارکردنەوە و دروستکردنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو دڵ و دەروونی گەنجان و لاواندا. دواتر پاشکۆ و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانمان خستۆتەڕوو.

**کێشەی توێژینەوکە**: هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەی، کە لەمێشکماندا هەبوون و گەڕان و بەدواداچوونی زۆر لەسەر ئەم بابەتە. ئەو پرسیارانەی، کە لەمێشکاندا هەبوون ئەوانیش: ڕەفیق چالاک کێیە؟ ژیانی منداڵی ڕەفیق چالاک چۆن بووە؟ ڕەفیق چالاک لە ڕێگای پیشەی مامۆستایی چی بۆ میللەتەکەی کردووە؟ کەی دەستی بە کاری ڕاگەیاندن کردووە؟ لەبواری وەرگێران چ ئەزموونێکی هەبووە؟ لەڕووی سیاسییەوە ئایدیا و بۆچوونی چۆن بووە؟ جگە لە وەی شانۆکار بووە ئەزموونی لە چیتردا هەبووە؟ چەندان پرسیاریتر توانیومانە بگەین بە وەڵامەکان و لێرەدا بیانخەینەڕوو.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. : ژیانی تایبەتی و گشتی ڕەفیق چالاک:

### 1. 1: سەرگوزشتەی ژیانی تایبەتی ڕەفیق چالاك:

ڕەفیق چالاک یەکێکە لە شانۆکار و نوسەر و گۆرانیبێژ و وەرگێڕەکی زۆر باش و بەتواناکان. ڕەفیق چالاک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بەدیاریکراوی لە ساڵی ١٩٢٣ زاینی لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. پێگە و ڕۆڵێکی بەرزی لە بواری شانۆ و گۆرانی و...هتد. هەبووە. ڕەفیق چالاک لەسەردەمێکدا ژیاوە، کە دەکەوێتە نێوان دوو جەنگە جیهانییە گەورەکە و لەڕووی سیاسییەوە سەردەمێکی ئێجگار ناخۆش بووە و ژیانێکی زۆر ناخۆش ژیاوە. لەو سەردەمە ڕووبەڕووی چەندین ئەشکەنجەو زیندان و دەرکردن بووەتەوە، بەڵام ڕەفیق چالاک سەرەڕای ئەم هەموو بارە ناهەمووارە زۆر خۆڕاگر و چاونەترس بووە و لە خزمەتکردنی زمانی کوردی لە ڕێگای ڕاگەیاندن لە ئێستگەی کوردی لە بەغدا و یافا کۆڵینەداوە. پێگەیەکی باشی لە بەرەوپێشبردنی شانۆی کوردیدا هەبووە. چەندین شانۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی و لە چەندان شانۆگەری ڕۆڵی هەبووە، جا وەک دەرهێنەر یاخود وەک ئەکتەر. دواتر ڕەفیق چالاک لەبواری ڕۆژنامەگەریش کاری کردووە و چەندین وتاریشی لە ڕۆژنامەی برایەتیدا بڵاوکردۆتەوە. نوسەر و هونەرمەندی ناسراوی کورد، ڕەفیق چالاك "ناوی تەواوی (ڕەفیق تۆفیق مەحمود رەسوڵ)ە، لەبەر ئەوەی منداڵێکی زیرەک و لێهاتوو بووە ، بۆیە نازناوی (چالاک) یان لێناوە، لە ساڵی 1923 لە گەڕەکی پیرمەسوری شاری سلێمانی لەدایکبووە ، نۆبەرەی سێ برای ترە، هەر لە منداڵییەوە چۆتە حوجرە، کە بەرامبەر بە ماڵی (خەلیل چاوەش) بووە، لە پیرمەسور، کاتێ بۆ یەکەم جار مۆسیقای بیستوە، زۆر منداڵ بووە، ئەویش لەو کاتەدا بووە، کە تیپێکی کەشافە بە باندی مۆسیقاوە بەسەر شەقامەکانی سلێمانیدا گەڕاون".( بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین - سلێمانی- 2021). ڕەفیق چالاک سەربەبنەماڵەیەکی خوێندەوار و هونەردۆستە. لە شاری سلێمانی چاوی هەڵێناوە و لەدایکبووە. باوکی هەر لەو شارە لەبەر خوێندنی داناوە، هەر لە منداڵییەوە کەسێکی زیرەک و لێهاتو بووە و توانیویەتی قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتویی ببڕێت. لەو کات و سەردەمەدا خوێندن گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە و کەم خێزان بیریان لەوە کردۆتەوە، منداڵەکانیان بنێرنە بەرخوێندن و فێری زانست و زانیاری ببن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەردەمەکە لەڕووی سیاسییەوە زۆر جێگیر نەبووە و لای زۆربەمان زانراوە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە سەرەتای سەدەی بیستەم تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەکە، مرۆڤایەتی ڕووبەڕوو دوو جەنگی گەورە و کاولکەر بۆتەوە، بۆیە کەم خێزان منداڵەکانیان بۆ خوێندن ناردووەتە قوتابخانە " بەڵام ئەو بەخت یاوەری دەبێت و خێزانەکەی دەینێرنە بەرخوێندن و لە قوتابخانەی (فیصلّییە) دەست بە خوێندن دەکات، بەڵام خوێندنەکەی لە یەك شوێن و شارنابێت، ئەوەش بەهۆی کاری باوکی، کە بەهۆی کارەکەی بۆ شوێنی جودا جودا دەگوازرێتەوە، بەمشێوەیە خوێندنەکەی تەواو دەکات، لە ساڵی 1932 پۆلی یەکەم و دووەم لە شاری کۆیە تەواو دەکات، لە ساڵی 1934 ماڵیان چۆتە سەنگەسەر و لەوێش درێژە بە خوێندنەکەی دەدەت، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی و لەوێ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (فیصلّییە) تەواو دەکات، دوای ئەم قۆناغە بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ساڵی (1937) دەچێت بۆ (دار المعلمین ریفی) لە بەغدا و لەوێ وەردەگیرێت و بەردەوامدەبێت تا لە ساڵی (1941) کۆتایی بە قۆناغەکانی خوێندن دەهێنێت، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەشی بە پیشەی (مامۆستا) لە قوتابخانەیەکی سلێمانی وەکو مامۆستا دادەمەزرێت. ".( بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین - سلێمانی- 2021). ئەگەر سەیری ژیاننامەی بکەین. دەبینین، کەژیانێکی کۆچەری ئاسا ژیاوە، ئەمەش بەهۆی ئیش و کاری باوکییەوە، چونکە باوکی لە جومگەکانی حکومەت کاری دەکرد، هەربۆیە بەناچاری دەبوو ماڵ و خێزانەکەشی لەگەڵ خۆی بەرێت. ئەوەبوو ڕەفیق چالاک بۆ خوێندن زۆر شوێن گەڕاوە و خوێندوویەتی وەکو:(کۆیە، سەنگەسەر، سلێمانی، بەغداد)، باوکی بە تۆفیقە سوور ناوبانگی دەرکردووە و خەڵک بەم نازناوە ناسیویانە و وەلای خەڵک مەشهور بوو. خاوەنی سێ برای دیکەیە:" ئەوانیش ناویان (مەحمود و فایق و نامیق )بوون، باوکی لە سەردەم و تافی گەنجیەتیدا هاوڕێی ئەحەی ناسر و ڕەفیق گلە بووە لە خۆشەویستی هاوڕێکەی کوڕەکەی واتا ڕەفیق چالاکی ناو ناوە ڕەفیق. توفیقە سووری باوکی لەدایکبووی ساڵی (1897) بووە، بەپێی ئەمری ئیدارەی (230\9587) لە 23ی تەمموزی ساڵی(1927)دا کە لە بەغداوە دەرچووە ، بە قۆڵچی خەیالە دادەمەزرێت و مانگانەکەی (60) ڕوپیە بووە، بۆ ماوەیەکیش لە مەکینەی کارەبای سلێمانی کاردەکات، کە لە گەڕەکی گاوران بوە، باوکی تۆفیقە سور بە مەحمود ئاغای ڕەسول ئاغای پشدەری ناسراوە، دایکیشی ناوی فاتیمەیە و کچی فتح الله ئاغای سنەیی بووە". (هەمان سەرچاوەی پێشوو،سلێمانی،٢٠٢١). ڕەنگە پرسیاری ئەوە بکرێت، کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاخۆ چۆن کچێکی سنەیی لەگەڵ کەسێکی خەڵکی پشدەر یەکیان گرتۆتەوە و هاوسەرگیریان کردووە؟ دیارە لای زۆربەمان ئاشکرایە ناوچەی پشدەر دەکەوێتە سەر سنووری ئێران و بەحوکمی ئەوەی بۆ کاری بازرگانی و سەردانیکردن بۆ ئێران ئەم ناسیاوییە پەیدابووە. لەناو ئەو بەڵگە و تۆمارانەی، کە لەبەردەستمان دانە، ناسنامەی باری کەسی ڕەفیق چالاکە، کە لەڕوانگەی ئەوە زانیارییەکانی سەرەوەمان خستۆتەڕوو، باوکی ڕەفیق چالاک ناوی (تۆفیق) بووە، وە دایکیشی ناوی ڕەعنا خان بووە، لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوونە. ئەگەر زیاتر لەسەر ژیانی تایبەتی ڕەفیق چالاک قسەبکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕەفیق چالاک باوکێکی زۆر خوێندەوار و تێگەیشتوو بووە، هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە، منداڵەکانی بەجوانترین شێوە پەروەردە بکات و ئەو بەهرەیەی، کە منداڵەکانی هەیان بووە و لەهەر بوارێکدا باوکیان زۆر ڕێزی گرتووە و دەستی گرتوون تا ببن بە کەسێکی سەرکەوتوو، یەکێک لە کوڕەکانی دەڵێت: "ئەوەی من لە باوکم فێری بوومە و پەیڕەویشم کردووە لە ژیانی خۆم ئەوەیە، کە ئەو وزە و توانایەی کە مرۆڤ هەیەتی، جا لە هەر بوارێکدا بێت، دەبێت بیخاتەگەڕ و بەکاری بهێنێت و گوێ نەداتە ماندووبوون و هیلاکی و کۆڵیش نەدات بەرامبەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەی، کە دێتە رێی و ئەوەی لە هەگبەیایەتی هەڵیبرێژێ و سوود لە تاقیکردنەوە و هەڵەکانیشی وەربگرێت". (چالاک، چاوپێکەوتن،٢٠٢٢). ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە ئەو هەستی باوکایەتییەیە، کە ڕەفیق چالاک لەناو خێزانەکەی پەیڕەوی کردووە و هیچ جیاوازییەکی لەنێوان منداڵەکانیدا نەکردووە و زۆریش دادپەروەر بووە. زۆر حەزی بە گۆڕان و پێشکەوتن بووە. ئازادی کوڕی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: باوکم باوەڕی بە گۆڕان و پێشکەوتن و یەکسانی هەبوو، لە ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵیدا پەیڕەوی دەکرد و جیاوازی کچ و کوڕی نەدەکرد، خۆی ئیشی ناو ماڵی بەسەر هەمووواندا بە یەکسانی دابەش دەکرد، شتێك نەبوو لە ناو ماڵی ڕەفیق چالاکدا پێی بوترێت، ئەمە ئیشی کچە، ئەمە ئیشی کوڕە، تەنها بۆ بازاڕ نەبێت، کە دەبوایە من یاخود شەهید شیرازی برام لەگەڵ دایکم بڕۆشتینایە، ئەویش لەبەر قورسی شتەکان و ئەو گەرما زۆرەی بەغدا بوو. ئێمە وەکو بنەماڵە دەرامەتمان کەم بوو، ئەو کاتەی باوکم پارەشی دەستبکەوتایە ئەوا زۆر بە دەستبڵاوی سەرفی دەکرد، بیری لە ڕۆژی ڕەش و دوا ڕۆژ بۆ ئێمە نەدەکردەوە (ئەوەندەی من تێبینم کردبێت)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئێمەی دەخستە پێش خۆیەوە و هەوڵی دەدا ئەوەندەی لە توانایا بێت خۆشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بخاتە دڵمانەوە و بێ پارەیمان پێوە دیار نەبێت و لەوەشدا دەوری زۆر گەورە بۆ دایك دەگەڕێتەوە، کە بە شانازییەوە لە دوای هەموو گرتن و دەرکردن لە وەزیفە و وازهێنانێك ماڵ و منداڵ و بژێوی ئێمەی دەگرتە ئەستۆ و ئێمە هەموومان بە باوکیشمەوە قەرزاری ئەوین، دوای کۆچی دوایی باوکیشم هەر دایکم بوو، کە ماڵ و حاڵی بۆ پێکەوە ناین و بە تەگبیری ئەو ئێمە خوێندن و ژیانمان بەڕێکرد. شەستەکان و سەرەتایی هەفتاکان بوو، تەنها ئەم چەند ساڵە ئێمە جۆریك لە استقرار و خۆشیمان بە خۆمانەوە دی و توانیمان ناو ماڵێکی رێك و پێك و سەیارەیەکیش بکڕین و چەند سەیرانێکیش بکەین. ڕەفیق چالاك هەر کەسێک لە دەرگای دابێت دەرگای لێ کردۆتەوە و یارمەتی داوە و ئیش و کاری بۆ جێبەجێکردووە، بە هۆی پەیوەندیەکانییەوە و قورسایی لای خەڵك و کەسایەتی ناسراو قسەی دەڕۆیشت و حیسابی بۆ دەکرا. باوکم پێی خۆش بوو دایم دەوری قەرەباڵغ بێت و چێژ و لەزەتێکی زۆری لە هاتوچۆ و سەردانی خەڵك و مەجلیسی دۆست و هاوڕێیان دەبینی، هەروەکو بزانێت تەمەنەکەی کورتە، دەژیا بۆ ئەو ڕۆژ و ساتە و بۆ ئەو کارەی، کە دەیگرتە ئەستۆ، ئێستا من بیر لە ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە، کە دوا ڕۆژی تەمەنی ژیانی ئەو بوو، ئەو پرسیارەم لا دروست دەبێت، ئەو بەو نەخۆشییەوە بەو بێ ئومێدییەوە، چۆن دەیتوانی ئەو هەموو کارە ئەنجام بدات، کە بە جۆرێك لە دۆخی خۆکوژی لەسەرخۆ و ئازاردانی جەستە و ڕۆح دەچوو. کاتێك بیرەوەری و یادگاریەکانم دەگێڕمەوە بۆ سەر وەختێکی زووتر بە دیاریکراوی کۆتایی شەستەکان، ئەو داوای لێ کردین، کە هەموو بچینە شاخ و لە چۆمان لە نزیك بارەگای ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێراق گیرساینەوە، ئەو پرسیارە دێتە پیش، کە بۆچی ئێمەی هەموو لە خوێندن چەند ساڵێك محروم کرد و بۆ چی بیری لە مەترسی بوردومان و ژیانی ناخۆشی شاخ نەکردەوە؟ بۆ ماڵ و منداڵی، ئەی باشە ئەگەر ئەوانەش هەمووی هەر کاری ئاسایی بن ئەی ئەبێ هۆی چی بێت، کە کوڕەکانی خۆی لەو تەمەنە کەمەدا بخاتە بەر تاقیکردنەوەی قوڕسی ژیان؟ ئەبێت چ هۆیەك چ بیر و باوەڕێك وا لە باوکێك بکات کە کوڕە گەورەکەی بخاتە دەورەی مامۆستایان و دواتریش بچێتە گوندێکی دوور لە شوێنی خۆی و چ هۆیەك وای لێ بکات کوری دووەمی لە تەمەنی هەرزەکاریدا بخاتە دەورەی برینپێچی و کوڕی سێیەمیشی، کە دوازدە ساڵ بوو ناونوس بکات بۆ دەورەی مەدفەعی و بۆچی بیری لەو نەکردەوە، کە هەریەکەمان بنێرێ بۆ ژیانێکی خۆشتر و باشتر و بێ مەترسی؟ (هەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرچاوەی پێشوو). لەکۆتایی ساڵەکانی تەمەنی کەمێک ئارامی و ئاسوودەیی ڕووی تێکرد و لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە توانی لە سلێمانی ماڵێک بۆخۆی پێکەوە بنێت و لەگەڵ منداڵەکانی بە ئاسوودییەوە بژین و بەڕۆژیش کاری دەکرد. دەتوانین بڵێین ژیانی ڕەفیق چالاک بەگشتی پڕە لە دەردەسەری و ماڵوێرانی و ئازار و ئەشکەنجە. بەڵام لەکۆتایی توانی بە ئاسوودەیی سەربنێتەوە و لەم ژیانە ناسۆرە و ئاڵۆزەدا بڕوات و بۆ هەتا هەتایە ماڵئاواییمان لێبکات. ماڵ و منداڵ و کەسوکارەکەشی هەولی زۆریاندا لەگەڵی، کە چیدی خۆی هیلاك نەکات و ئەویش بەڵێنی وازهێنانی پێدان لە هەموو ئەو ئیش و کارانەی، کە دەیکرد، تەنها شت، کە نەیتوانی تەرکی بکات و لە بیرخۆی بەرێتەوە، معاناتی خۆی و خولیایی هونەری و گۆرانی بوو. هەر لەو ماوەیەدا واتا لە سالی 1973دا لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشی ئاوازی بۆ چەند گۆرانییەك دانا، لە ماڵیشەوە لەسەر كاسێت بە هەناسەیەکی بێ ئومێدی و خەمناکییەوە تۆماریکردن، دوا گۆرانی خۆی بەناوی (شوێنکەوتن)، لەناو جێگای نەخۆشیدا تۆمارکرد، کە شعری (مستەفا بەگی کوردی) یە. ئەو شعرانەی، کە ئەو هەڵیبژاردن و ئاوازی بۆ دانان ڕێک گوزارشتیان لە بارودۆخ و بیرکردنەوەی ئەو ڕۆژگارەی ئەو دەکرد. کۆتایی گۆرانی، کە ئاوازی بۆ دانا، ئەویش گۆرانی: (بە کۆڵ گریان لە چاوم دێ  گوڵی لاولاوی ڕەنگا و ڕەنگ...هتد. بوو، کە شیعر و هۆنراوەی مامۆستا (عبدوالله گۆران)ە، کە کراوە بە گۆرانی. دواجار بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە مامۆستا چاوی لێکناو، بەرەو سەفەرێکی بێ گەڕانەوە بە ڕیکەوت، لە ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی (30-11-1973) لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کرد و لەسەر وەسیەتی خۆی  دەیهێنەوە بۆ شاری سلێمانی و تەرمەکەی لە گردی(سەیوانی سلێمانی) بەخاک دەسپێردرێت..(هەمان سەرچاوەی پێشوو،سلێمانی،٢٠٢١).

### 1. 2 : بەهرە ئەدەبییەکانی ڕەفیق چالاک:

### 1. 2 . أ بەهرەی ڕەفیق چالاك لە نوسینی شانۆدا:

دیارە ڕەفیق چالاک بەهرەیەکی باشی لە نووسینی دەقە شانۆیی کوردی و وەرگێرانی چیرۆکی تەمسیلیدا هەبووە، کاتێک لەگەڵ گۆرانی شاعیر و ڕەمزی قەزازا دەچن بۆ فەلەستین، بۆ ڕادیۆی کوردی لە یافا لەوێ خزمەتێکی باشی ئەدەب و هونەری کوردی دەکەن، "هونەرمەند و شانۆکار،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەفیق چالاک بایەخێکی زۆرییشی بە نوسین و شانۆ و پەخشان و ڕادیۆ دابوو و لە ساڵەکانی شەری جیهانی دووەمدا ( 1943 - 1944) ، لەگەڵ شاعیری نەمر مامۆستا (عەبدوڵڵا گۆران) و مامۆستا (ڕەمزی محیّدین قەزاز) دا، دەچن بۆ شاری (یافا) لە فەلەستین بۆ بەڕێوەبردنی رادیۆی کوردی لەو شارەدا، کە لە لایەن ئینگلیزەکانەوە وەک دەزگایەکی راگەیاندن، کە بەرنامەکانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پەخش دەکرا دانرابوو". (بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، سلێمانی،٢٠٢١). چونکە ڕەفیق چالاک زمانی عەرەبی زۆر بەباشی دەزانی، توانی لەورێگەیەوە کارێکی وابکات، کە زیاتر هونەری شانۆ و چیرۆک بە میللەتی کورد بناسێنێت و لەو ڕێگەیەوە کاری وەرگێڕانیشی دەکرد، ئەم زمانزانییەی دەرگایەکی والابوو بۆ ڕۆشنبیرکردنی خودی خۆی، تا لە بوارەکانی شانۆ و نواندن و وتار و وەرگێران زیاتر ڕۆشنبیر و لێهاتوو بێت، لەو سەردەمەی، کە ئەو دەستی دایە قەڵەم و دەستی بە نوسینی شانۆ کرد لەو سەردەمەدا شتێکی تازە بوو، کە کەسێکی ئەوها بە بەهرە لە ناو خەڵکیدا بەدیاربکەوێت و شانۆ بنوسێت و هەروەها ڕۆڵیش لە نمایشەکاندا ببینێت. "لەساڵی ١٩٥٢ لەبەغدا، ڕەفیق چالاک شانۆنامەیەکی خۆی بەناونیشانی(کارکردنی بەکەڵک)، چاپ دەکات و بڵاودەکاتەوە،کە لە چوار پەردە پێکهاتووە،" لە ٢١/٣/لە ١٩٤٨: پیشاندانی شانۆنامەی کەڕەلۆتی مەنووچەهر نووسراوی ئیبراهیم ئەحمەد، دەرهێنانی: ڕەئووف یەحیا و ڕەفیق چالاک، حزب التحرر الوطنی سەرپەرشتیی کردووە. لە ١٩٥٧/٧/٧ دا لەیەکەم چالاکی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا ڕەفیق چالاک بەشدار دەبێت: پیشاندانی شانۆنامەی پیسکەی تەرپیر، نووسراوی مۆلێر، تەرجەمەو دەرهێنانی: نووری وەشتی و ڕەفیق چالاک. وە هەرخۆشی دەوری تێدابینیوە". (پیربال،٢٠٠١، ١٧). دیارە لەم سەردەمە کەم کەسمان هەیە دەستی بۆ نووسینی شانۆ بردبێت و پەرە بەم بوارەی ئەدەبی کوردی بدات، بەڵام ئەو هەستی بەو بەرپرسیارەتییە کردووە و گرینگییەکی زۆری بەم بوارە داوە و لەسەردەستی ئەم شانۆی کوردی ڕێچکەیەکیتری وەرگرتووە وەکو ژانرێکی نوێی ئەدەبی کوردی بەدیارکەوتووە. دوای ئەوەی لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە پێنجوێنی داو کارەساتێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بووە هۆی ماڵوێرانی زۆر لە خەڵکی کوردستان، ڕەفیق چالاک دەستیکرد بەکۆکردنەوەی هاوکاری لەڕێگای شانۆگەری و گۆرانیوتن، ئەوە بوو: "لە ساڵی 1946دا ڕۆڵێکی سەرەکی دیوە لەو هەوڵدانەی کە درا بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی یەکەمی پێنجوێن لە ڕێی تەمسیل کردن و ئاهەنگی گۆرانی لە سلیمانی و هەولێر". ( بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین ، 2021). ئەمەش هەوڵێک بوو بۆ یارمەتیدانی ئەوخەڵکە ماڵوێران و قوربەسەرە، کەبەسەریاندا هات. ڕەفیق چالاک لەپاڵ بەهرەی نووسینی دەقی شانۆیی و ڕۆڵبینین وەکو ئەکتەر لە شانۆگەریەکان و کارکردن وەکو دەرهێنەر لەو سەردەمەدا، سەرەڕای ئەوانەش دەنگێکی زۆر خۆشی بۆ وتنی گۆرانی هەبووە. هەروەها لەپاڵ ئەم هەموو شتانەش دەستێکی باشی لە نووسینی چیرۆکدا هەبووە. بۆنموونە لە ساڵی ١٩٥١ دوو چیرۆکی تەمسیلی لە دووتوێی دوو نامیلکەدا چاپکردوون وبڵاوکردۆتەوە.

### 1. 2. ب ئەزمونی ڕەفیق چالاک لە بواری پەروەردە و فێرکردندا:

ڕەفیق چالاک دوای ئەوەی خوێندن لە بەغدا تەواودەکات، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و دەبێت بە مامۆستا. لەم بوارەدا خزمەتی باش بە گەنج و لاوانی شارەکەی دەکات و زۆر کەس لە نەخوێندەواری ڕزگاردەکات. تاکە ئامانجی ڕەفیق چالاک پێگەیاندنی نەوەیەکی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو بووە، بۆ ئەوەی لە داهاتوو بتوانێت بە قەڵەم و زانست و زانیاری بەرپەرچی دوژمن بدەنەوە و لەم ڕێگەیەوە داوای ماف و ئازادی و سەربەخۆیی بکەن. دیارە لەسەردەمانی ڕابردوو بەسەدەی بیستەوەش خوێندن بەشێوەیەکی گشتی بۆ هەموو کەسێک نەبووە، هەموو کەسێک نەیدەتوانی بخوێنێت، جا لەبەر هەر هۆکارێک بێت، بەڵام ڕەفیق چالاک لەوسەردەمەدا، کە بوو بە مامۆستا و گەڕایەوە سلێمانی بە هەوڵ و کۆششێکی زۆرەوە توانی قوتابخانەکان ئاوەدان بکاتەوە و لەهەر قوتابخانەیەک مامۆستایی کردبێت هەوڵیداوە کتێبخانەیەک درووستبکات. ئەم کارەشی بۆ ئەوەبوو، کە خوێندنەوە بکات بە کلتور و تاکەکانی کۆمەڵگا لەسەر ئەم کارە پیرۆزە پەروەردەبکات. خۆشبەختانە توانی لەم بوارەشدا سەرکەوتووبێت. لەبارەی ئەو ئەزمونە وتوویەتی: "لە ساڵی (١٩٤١)دا، لە دار المعلمینی ڕیفی دەرچووم و بووم بەمامۆستایەکی بچکۆلانەی خۆبەزلزان. لە قوتابخانەی مەڵکەندی و لەدواییدا تەپلی تۆپین بۆخالیدیە و بۆ کانێسکان و بۆ هەر سێکیان، خۆلاسە لەدوای مرد و ڕەحمەت باشە. دەستم کرد بەزیندوکردنەوە و بڵاوکردنەوەی سرووده کوردییە کۆنەکان لە قوتابخانەکاندا و بۆجاری یەکەم لە ژیانما ئاوازێکم دانا لەشێوەی سروددا بۆ

شیعری خوالێخۆشبوو زێوەر. (تا دەست لە مل هیوا نەکەم). لە ساڵی (١٩٤٢) کرابووم بە مامۆستایەکی گەڕۆک و سیاسەتم پێدەکرا. لەو ساڵەدا و لە هەموو پۆلێکی قوتابخانەکانی مەڵکەندی و خالدیە و گۆیژەدا، کەدەرسێکم تێدا هەبووبێت کتێبخانەیەکی بچووکمان لەگەڵ قوتابییەکانی ئەو ڕۆژە و پیاوی ئەمڕۆدا تێدا دروتکرد. ئینجا وتوویژ دەربارەی مەسەلەی نەتەوایەتیمان و سرود بەدوای سرود و هۆنراوەی نیشتمانی ئەو سەردەمە و باسی هونەری جوان و خولاسە بورکانێکی داگیرساو بووم و سکرتێری کۆمەڵەی هیوا". (چالاک،هاوکاری،ژ١٣،ل٤). ڕەفیق چالاک توانیویەتی لە پیشەی مامۆستایی سەرکەوتوبێت و ببێت بە دەرگایەک بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کورد، هەروەها توانیویەتی لەپاڵ پیشەکەی خۆیشی پەرە بەتواناکانی خۆی بدات، جا بەهرەی نووسینی چیرۆکی شانۆیی بێت یاخود دانانی ئاواز بۆ سرودەکان و بەژداریکردن لە شانۆگەریەکان و نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی. هەموو ئەمانە وای لە چالاک کرد لە سەرەتای تەمەنی لاویەتییەوە کە بوو بەمامۆستا هەرچی لەدەست بێت بیکات بۆ بەرەوپێشبردنی ئەدەب و هونەری کوردی. لەو کاتەدا ڕەفیق چالاک سکرتێری کۆمەڵەی هیوا بوو. لەپاڵ ئەمەشدا توانیبووی لەڕێگای پیشەی مامۆستایی خزمەتی بە تاکی کورد بکات.

### 1. 2 . ج : بەهرە و ئەزموونی ڕەفیق چالاک لە بواری ڕاگەیاندندا:

ڕەفیق چالاک لەبواری ڕاگەیاندنیشدا دەستێکی ئەو تۆی هەبووە و توانیویەتی بەو وتار و چیرۆکانەی، کە دەینووسین لە ڕادیۆی کوردی بەغدا بڵاویدەکردنەوە و کۆمەڵگاکەی لێ وشیار بکاتە. هەروەها لە ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەچن بۆ فەلەستین و لە ئێزگەی کوردی یافا دەستبەکاردەبن و ڕۆژانە هەواڵ و زانیاری بڵاودەکەنەوە. بەڵام زۆر ناخایەنێت و تەنها سێ ساڵ لەوێ دەبن، دواتر دەگەڕێنەوە بەغدا و لەوێ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا دەستبەکاردەبێت. هەروەها لەم بوارەدا توانی دەستی لە پێشخستنی هونەر و ئەدەبی کوردی هەبێت شتێک بخاتە سەر خەرمانەی ئەدەبی کوردی، کە تا ئێستاش شوێن پەنجەی دیارە و وەک چرایەکی ڕۆشن لەناو ئەدەبی کوردیدا دەدرەوشێتەوە. ڕەفیق چالاک لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی چەندین جار دەستبەسەر کراوە و ڕاپێچی کونجی زیندان کراوە و لە کارەکەی دوورخواوەتەوە، بەڵام ماوەی زیندانییەکەی زۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخیاندووە و هەرزوو ئازاد کراوە. " لە پاش مانگێک لەسەر نوسینێکی شۆڕشگێڕی بە ناونیشانی (گۆرانی ئازادی چین) لەو ئیزگەیە دەردەکرێ و ناهێڵن نوسینەکەشی لە گەلاوێژدا بڵاوبکرێتەوە، ئەویش ناچار دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و دەبێتەوە بە (مامۆستا)، لە سورداش و دوایی بۆ قەمچۆغە و جافەران".(بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین،سلێمانی،٢٠٢١). کاری ڕاگەیاندنی ڕەفیق چالاک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٩٤٢) ئێزگەی یافا لە فەلەستین، لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی کارەکانی بەباشی ئەنجام بدات و خەریکی کاری وەرگێڕان و بێژەری بێت و پەرە بە ئەدەب و هونەری کوردی بدات. لەم ڕێگەیەوە توانیویەتی ئاواز بۆ چەندان شیعر و سرودی کوردی دابنێت و هەر لەڕێگای ئێستگەکەوە بەیانی بکات و بڵاوی بکاتەوە. دوای ئەوەی ڕەفیق چالاک لە پیشەی مامۆستایی بوو. ئینگلیز داوای پێنج کەسی کردبوو لە کورد کە بچن بۆ فەلەستین. بۆ ئێستگەیەکی کوردی کەلەوێ بۆ کورد کرابۆوە لەشاری یافا.ئەوکاتە کۆمەڵەی هیوا گەورەترین پارت بوو لە کوردستان. بڕیاریدا چوارکەس لە ئەندامانی بنێریت و لەو ئێستگەیە کاربکەن ئەوانیش: " نوری شاوەیس، ئەنوەری مەلا حەمە ئاغا، ئیبراهیم کوردی و ڕەفیق چالاک.بەڵام لەبەر ئەوەی برایانی ناوبراو هەرسێکیان لەپێش منەوە بووبوون بەسیاسی و شتیان لەسەربوو، حکومەتی عێراق تەگەرەی خستە ئیشەکەیانەوە و نەیهێشت ئەوان بێن، لەئەنجامدا برایان ڕەمزی قەزاز و عبداللە گۆران. هێنران و کەوتینە ڕێ بەرەو بەغدا. کە چوومە بەغدا و دەستم کرد بە ئامادەکردنی ئەوراقی پێویست و لەم لاشەوە ئیستیقالەم کردووە لە مامۆستایی و قبوڵکراوە". (چالاک،برایەتی،ژ١٣). ڕەفیق چالاک بەم شێوەیە وازی لە پیشەی مامۆستایی هێنا تا ماوەیەک و چوو بۆ فەلەستین و لە شاری یافا درێژەی بەکاری ڕاگەیاندندا و لەم ڕێگەیەوە خزمەتێکی باشی کرد. ئەمانە و چەندان کاریتر ڕەفیق چالاک درێژەی بەو کاروانە ئەدەبی و هونەرییەی داو تا ئێستاش شوێنپەنجەی دیارە. دواتر دوای سێ ساڵ لە خزمەتکردن گەڕایەوە بۆ بەغدا و چووە ڕادیۆی کردی بەغدا بەڵام هەردوای سێ ڕۆژ ڕادیۆکەیان پێداخست و لەکارەکەی دوورخرایەوە، تەنها لەبەر ئەوەی ناوی کورد و کوردستانی هێنابوو لە ڕادیۆکەدا. دوای ئەم ڕووداوە ڕەفیق چالاک بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و بچێتەوە سەر پیشەکەی خۆی کە مامۆستایی بوو. تا ساڵانی ١٩٤٧ بەردەوام دەبێت.

**٢. ١. أ: سیماوتایبەتمەندی شانۆ و چیرۆکی شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا:**

هەر کاتێک باس لە توخمەکانی شانۆ بکەین، ئەوا پێویستە بە وردی تیشک بخەینە سەر هەموو لایەنەکان. چونکە هەر یەکێک لە توخمەکان تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە. ڕاستە هەندێکیان گرنگییان لە هەندێکی دیکە زیاترە، بەڵام ئەمەش بەپێی جۆری شانۆکەیە. چونکە بەپێی قوتابخانە و میتۆدەکانی شانۆ دەگۆڕێت، بۆ نموونە ستانسلافسکی گرنگی بەناخ دەدات و مییرهۆڵد گرنگی بە جەستە دەدات، یان برێخت زیاتر گرنگی بە واقیع و تێکەڵبوون لەگەڵ بینەران دەدات، هەروەها کرۆتۆفسکی زیاتر گرنگی بە ئەکتەر دەدات و هەموو توخمەکانی دیکەی پێ پڕدەکاتەوە...هتد. بۆیە هەریەک لە توخمەکانی شانۆ گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و هۆکارێکە بۆ گەیاندنی پەیامی شانۆییەکە.

**1- ڕووداو**: ڕووداو یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی شانۆ، چونکە ڕووداوەکان بە بناغەی بنیاتنانی شانۆ دادەنرێن، هەر ڕووداویشە، کە هێز و توانا و جموجۆڵ دەداتە شانۆییەکە و یەکەمین توخمە، کە سیفەتی چێژ بەخشین بە خوێنەر و بینەر دەبەخشێت، کاریان تێ دەکات و هەستیان دەبزوێنێت، " **بۆیە پێویستە لەسەر نووسەرەکە بەردەوامی بدات بە بزوتنەوەی ڕووداو و جموجۆڵی ڕووداوەکان بپارێزێت** ". (صبری، ٢٠٠٥، ٩٠)، دەتوانین چەمکی ڕووداو لەم پێناسەیەدا ڕوون بکەینەوە، کە دەڵێت: " **ڕووداو: بریتییە لە کۆمەڵێک بەسەرهاتی یەکگرتووی بە دوای یەکدا هاتوو، کە دەبێت بە شێوەیەکی هونەری بچنرێت و بگێڕدرێنەوە، کە بتوانێ کاریگەری خۆی بنوێنێت بەسەر هەست و ئەندێشەی خەڵک و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.** " (صبری،٢٠٠٥، ٩٠)، واتە؛ ڕووداو پارچەیەکی بچووکە و یەک چنین دەیگرێتە خۆ دەبێت لە زنجیرەیەکی یەکگرتوویی گونجاو بێت، بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک ڕووداوەکان لە یەکتری گرێ بدرێن، تاوەکو کارلێک دەکەن و دەگەنە لوتکە، بەمەش (گرێ)یەک دروست دەبێت، کە مرۆڤەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن، ئەو گرێیە بکەنەوە و لە ڕەمز و هێمای شانۆییەکە تێبگەن. بۆیە ڕووداو بە گرنگترین توخمی شانۆ دادەنرێت و " **یەکێکە لە توخمە بنەڕەتییەکانی شانۆنامەدا، ڕووداو دەبێتە داینەمۆی هەموو توخمەکانی تری دەقەکە، چونکە ئەگەر ڕووداو لە دەق دوور خەینەوە ئەوا هیچ واتا و ئامادەییەک بۆ توخمەکانی تر نامێنێتەوە. ڕووداویش بریتییە لەو چیرۆکە یان هەڵوێستانە، کە ناوەڕۆکی چیرۆک و دەقی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**شانۆییەکە لەخۆیدەگرێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، کە لە رووداوی شانۆییدا شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی دووردرێژ نییە وەک لە چیرۆکدا هەیە، چونکە شانۆ لەسەر بنەمای دیالۆگ دادەمەزرێت، بۆیە درێژدادری لە رووداوەکاندا ناکات و تەنها باسە گرنگەکان دەخاتەڕوو. "** (ئەحمەد، ٢٠٢١). ڕووداو ڕۆڵێکی سەرەکی لە سازدانی بینای هونەری لە هەر شانۆییەک دەگێڕێت، ئەگەرچی بەشێوەی جیاوازیش بێت، **" ڕووداو زنجیرە بەسەرهاتێکی پێکەوە گرێدراوی وارتادارە، کە لە چوارچێوەی ڕێچکە کردارێکدا لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتاییەوە بە دوای یەکدا دێن ."** (فەرەج، ٢٠١٢، ١٨٢-١٨٣)، بۆیە نابێت بەکەم سەیری ڕووداو بکرێت، نووسەران و شانۆنووسان دەبێت بە گرنگییەوە لەم توخمە شانۆییە بڕوانن، چونکە **" ڕوداو شتێکی سەرپێی نییە، بەڵکو زیاترە لەوەی تەنیا شتێک بێت و ڕووبدات، چونکە بەشداری لە پرۆسەی گێڕانەوەدا دەکات، هەروەکو چۆن بەشداری لە سەرەتا و کۆتاییدا دەکات ."** (فەرەج، ٢٠١٢، ١٨٣).

**٢- کەسێتی:** کەسێتی توخمێکی سەرەکی شانۆیە و ڕۆڵێکی کاریگەر لە بنیاتنانی شانۆدا دەگێڕێت و بە هۆیەوە ڕووداوەکان هەڵکشان و داکشان بە خۆیانەوە دەبینن، هەروەها لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی دیکەی شانۆدا بە هەردوو لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەوە کار لەیەک دەکەن و شانۆ دروستدەکەن. **" دەتوانین بڵێین بینای کەسەکان لەلایەن نووسەرانەوە، کە هەمیشە مایەی بایەخپێدان و گرینگیپێدانییان بووە نەک لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکیتر، بەڵکو تەنانەت لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی دیکەش جیاوازی تێکەوتووە"** .(سابیر، ٢٠٠١، ١٤١).هەر ئەم جیاوازییەشە لە بنیاتنانی کەسێتی وایکردووە دید و بۆچوون و پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی کەسێتی درووست بێت و هەر نوسەرێک یان توێژەرێک یان قوتابخانەیەک لە تێڕوانین و گۆشەنیگای خۆیەوە لە گرنگی و ئەهمییەتی کەسێتی بڕوانێت و بەجۆرێک پێناسەی بکات، ئەمەش بۆ خودی ژانری شانۆ دەگەڕێتەوە، کە ژانرێکی فرە ڕەهەندە و بەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە پەیوەستە و لەگەڵ بەرەوپێشوە چوون و گۆڕانی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگادا، ئەمیش لە قالبێکی چەقبەستوودا نامێنێتەوە و دەگۆڕێت، لە هەمان کاتیشدا تێڕوانینەکانیش لەگەڵ ئەودا دەگۆڕێن. **" توخمی کەسێتیش یەکەمین توخمی گێڕانەوەیە، کە بەگوێرەی سەردەم و ڕێبازی ئەدەبی و ژانری ئەدەبی کەوتووەتە بەر شەپۆلی توندوو هێمنەکانی گۆڕین ".**(ئامێدی، ٢٠١٢، ٩١). جۆرەکانی کەسێتیش لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕووی ئەرک و پێکهاتەوە دەگۆڕێت. کەسێتیمان هەیە سەرەکییە هەشمانە لاوەکییە، هەروەها کەسێتیمان هەیە پەرەسێنن هەشمانن پەرەنەسێنن. ئەم جۆرە کارەکتەرانە لە شانۆدا بوونیان هەیە. کەسێتی وەک هەر ڕەگەزێکی تری شانۆ پانتاییەکی فراوان لە دەقی شانۆدا پێکدەهێنێت، چونکە وەک کەسێتی مرۆڤێک تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە، کە بە هۆی بەشداریکردنی لەگەڵ پێکهاتە و توخمەکانی تری شانۆ بەدیاردەکەوێت، ئەمەش بە چەند ڕێگە و شێوازێک لە لایەن شانۆنووسەوە دەتوانرێت ئاشکرا بکرێت. کەسێتی" **ئەو ڕەگەزەیە لە بونیادی دەقە گێڕانەوە بەندەکاندا وەک یەکەیەکی ڕێکخراوی ڕۆنراو دەردەکەوێت.** " (فەرەج،٢٠١٢، ٤٦)، کەواتە؛ کەسێتی یەکێکە لە توخم و ڕەگەزەکانی شانۆ، یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی ناو دەقی شانۆدا، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەرکی خۆشی هەیە تا جێبەجێی بکات، چونکە ئەگەر ڕووداو و کات و شوێنیشمان هەبێت، بەڵام خۆ دەبێت کەسێک هەبێت بەو کارە هەستێت، کە خوڵقێنەری پەیوەندی و گفتوگۆ و ڕووداوەکان بێت. ئاشکرایە کەسێتی لەڕێگەی شانۆنووسەوە دروستدەکرێت و گیانی بەبەردا دەکرێت و دێتە بوون، " **پێویستە لەسەر ئێمە ئەو کەسە وەهمیانە لەو کەسانە جیابکەینەوە کە لەبارەیانەوە دەزانین یان لە خۆمانا دەیبینین، لە هەمانکاتدا دەبێت کەسایەتی لە واقیعی ڕۆژانە باڵاتر بنوێنێ، جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ئەزموونی کەسێتی خوێنەر پەیدا بکات، واتە بەکورتی ئەزموونەکانی ژیانی بۆ هەست گۆڕیبێ.** " (فەرەج، ٢٠١٢، ٤٦). بەپێی هەندێك دەبەشکردن، کەسێتی بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، ئەویش: کەسێتی سەرەکی و لاوەکی، بۆیە ئێمەش لێرەدا بەجیا باس لە هەریەکایان دەکەین

**یەکەم: کەسێتی سەرەکی:** کەسێتی سەرەکی بە بەراورد بە کەسێتی لاوەکی لێکەوتە و دەرکەوتنی جیاوازی هەیە و خوێنەر و بینەریش زیاتر هەست بە بینین و گرنگی پێدانی بکات لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی شانۆدا، لەبەر ئەوەی کەسێتی سەرەکی " **جووڵە و ڕووداو و کەسە لاوەکییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە، یاخود وەکو دەمارێکی زیندوو وایە، کە بەهۆی چۆنیەتی و چەندییەتی باڵا دەستی ئەوەوە هەموو ڕەگەزەکانی تری وەک (کەسێتی لاوەکی، ڕووداو، شوێن، کات، ... )، لەناو چوارچێوەی دەقەکەدا ڕێکدەخرێن و بەهۆی چوونە پاڵ یەک و کارلێککردنیان گیانێکی زیندو لە جیهانی دەقەکەدا پێکدەهێنن.** " (ابراهیم، ٢٠٢٠، ١٥٠)، هەروەها کەسێتی سەرەکیش لەناو شانۆ و ڕووداوەکاندا کاریگەریان دەکەوێتە سەری و گۆڕانی بەسەردا دێت. هەموو

تۆخم و ڕەگەزەکانی تری شانۆ لە خزمەت تۆخمی کەسێتیدا کارد دەکەن، **" ڕووداو و کەسێتییەکان سیفات و ڕێڕەوی تر وەردەگرن، کە لە کۆتاییدا هەموویان لە خزمەتی پاڵەوانی سەرەکیدا بن و پاڵەوانەکانی دیکەش گرنگی و زیرەکی و بوێرییان کەم دەکرایەوە بۆ ئەوەی تەنیا مەزنێتی و بلیمەتی پاڵەوانی سەرەکی دەربکەوێت. "** (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩، ٤٢). کەواتە؛ بەگوێرەی ئەم چەمکە دەکرێت بڵێین، شانۆنووس سەرجەم تۆخم و پێکهاتەکانی دیکەی شانۆییەکە بە جۆرێک سازدەکات، کە گرنگی ڕۆڵی کەسێتی سەرەکی بخاتەڕوو، بۆیە تەواوی کەسێتییەکانیتر بە جۆرێک ڕەفتار و هەڵوێست دەنوێنن، کە ببێتە مایەی دەرکەوتنی کەسێتی و ڕەوشت و هەڵوێستی کەسێتی سەرەکی.

**دووەم: کەسێتی لاوەکی:** ئەم جۆری کەسێتییە لەناو شانۆ و شانۆگەریدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن، چونکە کەسێتی لاوەکیی دەبێتە ئامرازێک بۆ دەرخستنی کەسێتی سەرەکی و درێژەپێدانی ڕووداوەکان و تەواوکردنی مانای شانۆییەکە، **" کەسێتییە لاوەکییەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن، کە سروشتی پەیوەندی نێوان شاکەس و خەڵکی دەوروبەری ئاشکرا دەکەن، ئەم ئاشکراکردنەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوە و دەرخستنی ناخی شاکەس و سروشتی بیرکردنەوە و هەست و سۆزە نادیار و شاراوەکانی ئاشکرا دەکەن. "** (محەمەد،٢٠٠٠، ١٥٠). کەسێتی لاوەکی شانبەشانی کەسێتی سەرەکی بەپێی چەندێتی بەشدارییەکەی ڕۆڵ و ئەرکی لە پرۆسەی گێڕانەوەی دەقدا هەیە. هیچ دەقێکی گێڕانەوەش بەبێ کەسێتی لاوەکی نایەتە بوون، چونکە ئەوە کەسێتییە لاوەکییەکانن، کە هانی کەسێتی سەرەکی دەدەن بەرامبەر کردار و گوفتارەکانییان کاردانەوەیان هەبێت و لە گەڵیاندا هاوهەڵوێست یان دژە هەڵوێست بن، لە ئەنجامدا کێشەو ململانێکان سەرهەڵدەدەن و ڕووداوەکان دروستدەبن، هەربۆیە **" کەسێتییە لاوەکییەکان شوێنکەوتووی کەسێتییە سەرەکییەکانن و لە یاریدەدەری ئەواندا دەنرێن. "** (سابیر، ٢٠٠١، ١٧٣).

کەواتە: باسکردنی ڕووداوێک لە شانۆدا شانبەشانی کەسێتی سەرەکی، کەسێتی لاوەکیش باسدەکرێت، هەرچەندە، کە ئەنجامی ڕووداوەکە باسدەکرێت، دەخرێتە پاڵ کەسێتی سەرەکی، بەڵام لەپاڵ ئەمیشدا هۆکارەکەی پشتگوێ ناخرێت، کە کەسێتی لاوەکییە، چونکە هیچ کارێک نییە، هۆکارێکی لە پشتەوە نەبێت، بۆیە کەسێتی لاوەکی بەلایەنی کەمەوە جوڵێنەری کەسێتی سەرەکییە و زەمینە سازی بۆ دەکات، تا لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تری بچێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٣:کات و شوێن:** کات و شوێن دوو ڕەگەزی پێویستین، کە بەشداری لە سازدانی چیرۆکدا دەکەن، شێوەی هونەری پێدەبەخشن، چونکە ڕووداوەکان لە بازنەیەکدا دەسوڕێنەوە، ئەویش: (کات و شوێن)ە. کەواتە؛ دەتوانین بڵێین : توخمەکانی (کات و شوێن) لە شانۆدا، پەیوەندی بە هەریەکە لە ڕووداوەکان و کارەکتەر و بابەتی دەقە شانۆییەکەشەوە هەیە، تەنانەن کاریشیان تێدەکات! بۆیە دەڵێین: **" کات و شوێن دەفرێکن (بە مانا زاراوەییەکەی) سەرجەم کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەخۆدەگرن "** (صبری،٢٠١٠، ١٠٥). لەبەر گرنگی ڕەگەزی کات و شوێن لە شانۆدا، لە خوارەوە هەر یەکیان بە تەنیا باسیان لێوە دەکەین.

**شوێن:** پێکهاتە و بنیادی دەقە ئەدەبییەکان بە هەموو ژانر و لقە جیاوازەکانییەوە پێویستی بە هەبوونی شوێن وەک توخمێکی هونەری هەیە، تا ڕووداوەکانی تێدا هەڵبسوڕێن و کاریگەری کەس و کارەکتەرەکانی تێدا بەرجەستە بێت، هەر بۆیە لە هەموو ژانرێکی ئەدەبیدا شوێن بوونی هەیە و بە دەگمەن دەقێک و داهێنانێکی ئەدەبی بەبێ بوونی شوێن بەرچاودەکەوێت، چونکە ڕوودانی هەر ڕووداوێک پێویستی بە شوێنێک هەیە، کە تیایدا ڕووبدات و هەموو کارەکتەرەکانی ناو دەقی ئەدەبیش پێویستیان بە شوێنێکە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا ببینن، بۆیە دەبینین پاپەندن بە شوێنێکی دیاریکراوەوە. گرنگی شوێن لە ژانرێکی ئەدەبی بۆ ژانرێکی تری ئەدەبی دەگۆڕێت و جیاوازە! بۆیە ژانری شانۆ گرنگییەکی بێ ئەندازە بە شوێن دەدات و هیچ شانۆ و شانۆگەرییەک بەبێ بوونی توخمی شوێن ڕوونادات و نایەتە بوون و بەرجەستە نابێت. شوێن کە مەنزڵگە و ژینگەی مرۆڤە، بۆیە بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر زەین و بیرکردنەوە و تێڕامانی دەبێت، هەر بۆیە نووسەران و داهێنەرانیش زادەی ژینگە و شوێنێکی دیاریکراون، لە شوێنێک لە شوێنەکانی ئەم گەردوونەدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەمەش وادەکات، کاریگەری لەسەر تێڕامان و بیرکردنەوە و داهێنانەکانین هەبێت. **" شوێن ئەو جوارچێوەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات. "** (ابراهیم، ٢٠٢١، ٢٧). نووسەرێکی وەکو ڕەفیق چالاک، کە هەڵقوڵاوی ژیانێکی پڕ لە مەینەتی و کارەساتباراوییە! ئەم ڕووداوانەی، کە لە سەدەی ڕابردوو ڕوویان داوە، کۆمەڵێک جەنگ و کوشتن و سیاسەتی ئەوسا وای لە نووسەرێک کردووە تەواوی ئەو ڕووداوانە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبی وەکو ژانری شانۆدا بەرجەستە بکات و نیشانی نەوەکانی داهاتووی بدات، کە چۆن ژیانێک ژیاوە و کورد لەناو چ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کارەساتێکدا ژیاوە و بەناو چ ئازارێکدا تێپەڕیوە! هەموو ئەمانە زادەی ئەو ژینگە و شوێنەیە، کە ڕەفیق چالاک تێیدا ژیاوە و کاریگەری بەسەریدا هەبوو، بۆیە شوێن وا لە مرۆڤ دەکات بیرکردنەوە و تێڕامان و بۆچوونەکانی لە شوێنێکەوە بۆن شوێنێکیتر بگۆڕێن، لە ڕووی دەروونیشەوە دەروونناسان بڕوایان وایە، جێگۆڕین و سەیرکردنی دیمەنێکی جوانی سرووشت، مرۆڤ ئارام دەکاتەوە و هەست بە خۆشی دەکات! بۆیە دەروونناسان شوێن و ژینگە بە چارەسەرێکی یەکجار باش دادەنێن، بۆ ئەو کەسانەی، کە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبن. کەواتە؛ هەموو شتێک لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا بێگومان شوێنێکیان داگیرکردووە، تەنانەت گەردیلە و ماددەکانیش، ئەگەر باسی شتەکانی نێو ئەندێشە و خەیاڵیش بکەین، خۆ ئەمانیش وێنەیەکی شتە راستیی و کەتوارییەکانن، کە هەمدیسان جێگەیەکیان لەم ژینگەیەدا هەیە، ئەمانە ڕاستییەکن ناکرێ مرۆڤ خۆیانیان لێ لابدەن. شانۆش بەو پێیەی کەوا ڕەنگدانەوەی واقیع و کەتوارییەتە، ناکرێ ڕاستییەکان فەرامۆس بکات، بۆیە شانۆنووس ئەگەر بیەوێت بەرهەمەکەی سیفەتێکی زیندو و ڕاستگۆ وەربگرێت، دەبێت شتەکانی نێو واقیعی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا بەرجەستە بکات، کەواتە؛ **" شوێن : بریتییە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە شانۆنووس هەڵی دەبژێرێت، ڕووداوی شانۆییەکەی تێدا دەهۆنێتەوە، یان پاڵەوانی شانۆییەکە لەم شوێنەدا ژیان دەباتە سەر."** (صبری، ٢٠٠٥، ١٠٦). هەرچەندە ئەو شوێنەی، کە لە شانۆدا هەیە، هەمان ئەو شوێنە نییە، کە لە واقیعدا بەرچاو دەکەوێت! چونکە شانۆنووس دێت دیمەنێک لەو شوێنە وەردەگرێت و داهێنانی تێدا دەکات و دەیکات بە شتێکی زۆر جوانتر، گۆڕانکاری بەسەر شتەکان دەهێنێت و لەگەڵ بیرۆکە و تێڕامانەکانی خۆیدا دەیگونجێنێت، بۆیە شانۆنووسی بەهرەدار و زیرەک هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات، بەچەند شێوەیەک و ڕێگایەک شوێنی نێو شانۆ لە شوێنی ڕاستەقینەکەی واقیع نزیک بکاتەوە، ڕاستە هەندێک شانۆگەریشمان هەیە، لەناو ژینگەی واقیعدا نمایشدەکرێت و بەرجەستە دەبێت، بەتایبە شانۆی سەرشەقام، کە بە شانۆی کراوە ناسراوە، بەلام شانۆی داخراو، کە لەناو هۆڵەکان نمایشدەکرێت، ڕەنگە نەتوانێت هەموو شتێک و شوێنێک وەکو ڕاستیی و واقیعی بێت، بەڵام دەرهێنەر دەتوانێت نزیکی بکاتەوە و ژینگەیەکی لەبار بۆ نمایشەکە بڕەخسێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کات:** کات وەک توخمێک لە توخمەکانی شانۆ، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بە هەمان شێوەی شوێن، چونکە کات و شوێن دوو توخمن و تەواوکەری یەکترن و چوارچێوەیەک بۆ توخمەکانی ناو شانۆییەکە سازدەکات، لەم بارەیەوە حسێن عارف دەڵێت: **" کات و شوێن لە هونەری نووسیندا، بەپێی چەند دەستورێکی تایبەتی، دەبنە چوارچێوەیەک بۆ کەسان و کارەسات و ڕووداو و بەسەر هاتەکان ".** (صبری، ٢٠٠٥، ١٠٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین: شانۆ بەبێ کات ناتوانێت بەڕێوە بچێت، بۆیە لە هەموو شانۆییەکدا ڕووداوەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو ڕوودەدەن. هە بۆیە ژینگەی کات: **" بریتییە لەو مەودایە کاتییەی کە ڕووداوەکانی چیرۆک و شانۆ تیایدا ڕوودەدەن ".** ( صبری، ٢٠٠٥، ١١٠). کاتەکانیش جیاوازن، هەندێک جار سەعاتێکن یاخود ڕۆژێک یان چەند ڕۆژێکن، کاتەکانیش لە نێوان دەمەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)دا دەخولێتەوە. زەمەن چرکەساتەکانی دیارن، بەڵام ماهیەتی نادیار و شاراوەیە، کات دەستپێکە بۆ دروستبوون و نوێ بوونەوە و لەدایکبون و مردنێک، کارێک، مرۆڤێک، وەرزێک، ساڵێک ... هتد. کات وەک توخمێک جێگای بایەخی نووسەران و فەیلەسوفان و لێکۆڵەرەوان بووە، بە تێڕامانێکی گرنگ لێکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە کردووە، لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی کۆن و نوێشدا شوێن و کات وەک بەشێک لە کۆدی کردنەوەی گرێ و ڕەمزەکانی دەق سوودیان لێوەرگیراوە، لەبەر گرنگی و لە یەکتر نزیکی ئەم دوو توخمە لەیەکتری، لە زمانەکەنی عەرەبی و کوردیدا دەستەواژەیەکی تازەیان هێناوەتە ناو دنیای لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی، زاراوەی (شوێنکات)یان بۆ داناوە، **" هەرچەندە چەمکی شوێنکات چەمکێکی نوێیە لە گشت بوارەکاندا، بەڵام وەک بەکارهێنانی خودی چەمکەکە بووەتە لایەنێکی سەرەکی پێکهێنانی واتا و تەکنیکی دەق ".** (ابراهیم، ٢٠٢١، ٣٠)، شوێنکات بەشێکە لە بنیات و دروستکردنی ئیستاتیکا و جوانی دەقی ئەدەبی، بەوپێیە شوێنکات ئاوێتەبوونی کات و شوێن لە فۆرم و شێوەیەکی نوێدا، بۆ دروستکردنی واتا و مەبەستێکی هاوبەشە لە نێوان هەردوو چەمکەکەدا، واتە؛ هیچ کاتێک لە بووندا تێناپەڕێت بەبێ بوونی شوێنێک و هیچ شوێنێکیش نییە، کە خاڵی بێت لە کات و لە دەرەوەی خودی کات بێت. " هێرمان منکوفسکی" زانای بواری بیرکاری ڕوسی یەکەم کەسە بەڕوونی باسی لە پیوەندی توندوتۆڵ کردبێت، کە لە نێوان ڕەهەندەکانی کات و شوێندا هەیە، وەک ڕەهەندی چوارەم و دەڵێت : **" کات وەک خۆی و شوێنیش وەک خۆی مەحکومن بە تەواوبوون، بەڵام بەهۆی جۆرێک**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**لە ڕێککەوتن لە نێوان ئەم دووانەدا تەنیا ئەو یەکیەتییە لە واقیعێکی سەربەخۆدا دەمێننەوە ".** ( ابراهیم، ٢٠٢١، ٣٠). بەڵام ئەوەی ئەم دوو توخمە لەیەکتر جیا دەکاتەوە ئەوەیە: **" ڕەگەزی کات لە میانەی گێڕانەوە دەست پێدەکات، لە کاتێکدا ڕەگەزی شوێن لە میانەی وەسفکردنەوە دەست پێدەکات ".** (ئیسماعیل، ٢٠٠٥، ٢١).

**٤: دیالۆگ :** دیالۆگ گفتوگۆشی پێدەوترێت، یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی شانۆو هۆکارێکە بۆ بەیەکتر بەستنەوەی توخمەکانی شانۆ لەناو دەقی شانۆیی و لە نمایشکردنیشدا لەسەر تەختەی شانۆ، لە سادەترین پێناسەدا بۆ دیالۆگ دەتوانین بڵێین: **" دیالۆگ: بریتییە لە ئاخاوتنی نێوان دوو کەس یان زیاتر، یاخود گفتوگۆیەکی گۆکراو و ئاڵوگۆڕە لە نێوان کەسایەتی و کارەکتەرەکانی ڕۆمان یاخود چیرۆک و شانۆدا ."** ( فەرەج، ٢٠١٢، ١٤٣)، گفتوگۆ نکوڵی لێ ناکرێت، کە هیچ ئاخاوتنێک نایەتە بوون، ئەگەر دوو کەس یان زیاتر ئامادە نەبن و قسە و بیروڕا نەگۆڕنەوە، بۆیە کارەکتەر لە شانۆدا لەیەک کاتدا ئەرکی گوێگر و قسەکەریش دەبینن و دەیگرنە ئەستۆ. ئەرکی نوسەریش ئەوەیە **" شێوازێکی گفتوگۆی ئەدەبی هەڵبژێرێت و بیخاتە سەر زمانی کارەکتەرەکانی، بە شێوەیەک، کە گفتوگۆکان بەرەو چڕیی و سفتیی و تۆکمەیی ئاراستە بکات، لەپێناوی ئەوەی، کە گفتوگۆکان لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەوە بگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی بەرز، کە وشە و پێکهاتە و بابەت و ئاماژە گەلێکی وای تێدابێت، کە پێویستە لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا هەبێت . "** ( سەرچاوەی پێشوو، ١٤٣). دیالۆگ پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ کارەکتەر هەیە **" کارەکتەریش بنیاتنەری کارەسات و ڕووداوەکانن، دیالۆگ هەمیشە لەگەڵ هەڵوێست و رووداوەکان یەکدەگرێتەوە و واتایان پێدەبەخشێت."** ( ئیبراهیم، ٢٠١٥، ١١)، خستنەڕووی دیمەنەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یەک لە دوای یەک وا دەکات رووداوە سەرەکی و لاوەکییەکان لای وەرگر ئاشنابن، چەندە دیالۆگ گەشە بکات و لەگەڵ ڕۆژگاردا بگونجێت **" ئەوەندە جوڵانەوەی نوێ لە ڕووی زەمەنی دەقەوە دروست دەبێت، دەقەکەش لە بازنەیەکی داخراودا ناسوڕێتەوە ، بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو بەپێی تێپەڕبوونی کات، کاتەکەش گۆڕانی تێدەکەوێت و لە جوڵەیەکی بەردەوامدا دەبێت.".** (سەرچاوەی پێشوو، ١١، ١٢). بەکارهێنانی ڕاناو لە دیالۆگدا بەپێی جۆری دیالۆگەکە دەردەکەوێت، جۆرەکانی دیالۆگیش بە شێوەیەکی گشتی دەبن بە چەند جۆرێکەوە:

أ- **دیالۆگی ڕاستەوخۆ**: ( فاتح عبدالسلام) بەم شێوەیە پێناسەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ دەکات و دەڵێت : **" دیالۆگی ڕاستەوخۆ گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەر یان زیاترە، کە بە نۆرە لە دیمەنێکی ناو چیرۆکدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دێتە ئەنجام."** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ١٤)، ئەم جۆرە دیالۆگ و گفتوگۆیە زیاتر لە ژانری شانۆ بەدی دەکرێت، چونکە زۆربەی چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو دەقی شانۆییەکە لە نێوان دوو کەس یان زیاتر گفتوگۆ و مشتومڕی لەسەر دەکرێت و بە شێوەی ڕاستەوخۆ کەسێتییەکان بیر و بۆچوون و تێڕامانەکانی خۆیان دەخەنەڕوو. هەر بۆیە لە دیالۆگی ڕاستەوخۆدا **" نووسەر ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکاردەهێنێت، چونکە کەسایەتییەکان خۆیان دەدوێن و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان پێشکەش دەکەن، بەتایبەت لەڕێی کەسایەتی سەرەکییەوە کاتێک لەگەڵ کەسایەتییەکانی تر گفتوگۆ دەکەن، ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) بەکاردەهێنرێت . "** (سەرچاوەی پێشوو، ١٤)، واتە؛ لێرەدا کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر یەکتر دەکەونە گفتوگۆ و بەبێ ئەوەی گێڕەرەوە لەسەر زمانی ئەوان گفتوگۆ پێشکەش بکات.

**ب-دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرە دیالۆگ و گفتوگۆیە پەیوەندیی بەو قسە و گفتوگۆیانەوە هەیە، کە لە نێوان کەسێتییەکان دەکرێت، بەڵام لێرەدا کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکدا ناکەونە گفتوگۆوە، بەڵکو گێڕەرەوە یاخود: **" نووسەر هەڵدەستێت بە خستنەڕووی ئەو کردار و گوفتار و ڕەفتارانەی کە کارەکتەرەکان پێی هەڵساون، بەڵام گێڕەرەوە کامە ڕووداوی لا گرنگ بێت ئەویان دەگێڕێتەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدات گفتوگۆیەکە وەکو خۆی بگوازێتەوە ".** (ئیبراهیم، ٢٠١٥، ١٤). واتە؛ گێڕەرەوە یاخود نووسەر نایەت هەموو ئەو گفتوگۆ و دیالۆگانە بگێڕیتەوە، کە لە نێوان کەسێتییەکاندا ڕوودەدەن، بەڵکو مەبەستی سەرەکی گواستنەوەی ناوەڕۆکی قسە و گفتوگۆکانە، ڕۆحی گفتوگۆکان لەسەر زمانی کەسێتییەکان دەگێڕێتەوە. نووسەر لە دیالۆگی ناڕاستەوخۆدا: **" لە ڕێی بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی سێیەمی نادیار (ئەو) بیروڕاو هەڵوێستی کەسایەتییەکان وەکو خۆی دەگێڕێتەوە، لێرەدا نووسەر گێڕەرەوەیە و لە ڕێی ئەوەوە دایەلۆگی نێوان کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانەکە پێشکەش دەکرێت بە بەکارهێنانی چەند وشە و دەستەواژەیەک ، وەک: (گوتت، گوتی، وتی، گوتیان، پرسی..... هتد)، یان نووسەر هەر یەکسەر**

**هەردوو ڕاناوی (تۆ، ئەو)، بەکاردەهێنێت."** (سەرچاوەی پێشوو، ١٤)، هەروەها گێڕەرەوە دەتوانێت ڕاستەوخۆ ناوی کەسێتییەکان ببات و گفتوگۆکانییان پێشکەش بکات.

**٢.١. ب: مێژووی هاتنە ناوەوەی شانۆ لە ئەدەبی کوردیدا:**

شانۆ وەکو بەشێکی گرنگ لە هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی هەر گەل و نەتەوەیەک ئەژماردەکرێت، کەم نەتەوەش هەیە، کە دەستی بۆ ئەو جۆرە ئەدەب و هونەرە نەبردبێت و کەم تا زۆر خۆی لێداوە و ئەزموونی کردووە، دیارە لەم ڕووەوە هەموو نەتەوەکان وەکو یەک نین و جیاوازییان لەڕووی چەندێتی و چۆنێتی و مێژووی هاتنەکایە و دەستبردن بۆ ئەم بوارە هەیە، نەتەوەی کوردیش وەکو نەتەوەیەکی زیندوو و خاوەن مێژوو و خاک و زمان و ڕۆشنبیریی، شەنسی خۆی لەم بوارەدا تاقیکردۆتەوە، هەرچەندە ئەم بوارە بۆ نەتەوەکەمان نوێیە و زۆر کۆن نییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. ئەم دەستپێک و دەست بۆ بردنەش دیسانەوە بۆتە جێی مشتومڕ و قسەی جیاوازی خەڵکی بوارەکە و لێکۆڵەرەوان و مێژوونووسان، کە بیروڕای جیاوازییان لەم بوارەوە هەیە. دەربارەی سەرەتا و دەستپێکی مێژووی شانۆیی کوردیی دوو بۆچوون دەخەینە ڕوو ئەوانیش : **" یەکەم: شانۆی کوردی بەبەراورد بە گەل و نەتەوەی دیکە زۆر بە درەنگەوە سەریهەڵداوە، ئەو سەرهەڵدانەشی بە چاولێکەریی و لاسایی کردنەوەی گەل و نەتەوەی دیکەی دەروردراوسێ و نەتەوەی دیکەوە بووە. دووەم: قۆناغی لە شانۆچوونی پێدەوترێت، کە میللەتی کورد هەر لە دێر زەمانەوە هەندێک کار و کردەوە و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتیی لە نێو کۆمەڵی کوردەواریی ئەنجامدراون و ڕەگەز و بنەمای نواندن ئامێزیان تێدابووە. "** (کەیفی، ٢٠٢١). ئێمەش پێمان وایە هەردوو بۆ چوونەکە زۆر ئەکادیمی و بەجێن، ناکرێت مرۆڤ ڕابردووی خۆی لەبیر بکات و زیندەبەچاڵی بکات، چونکە گەر سەیری مێژوو بکەین دەبینین کۆمەڵی کوردەواری لە بۆنە و ئاهەنگ و جەژنی نەورۆز و سرووتە ئایینییەکان جۆرێک لە کردەی شانۆییان ئەنجامداوە، کە ئەمانە هەمووی بوونەتە دەستپێکێک بۆ سەرهەڵدانی شانۆی کوردی. حەسەن تەنیا دەربارەی مێژووی شانۆیی کوردیی دەڵێت: **" هونەری شانۆییمان وەک شانۆی هەموو میللەتێکی تری ڕۆژهەڵات هەنەرێکی خۆماڵی و ڕەسەن نییە، بەڵکو ئەم هونەرەمەزنەمان لە میللەتەکانی ترەوە پێ گەیشتووە، بەتایبەتی لە ئەدەبی عەرەبی و تورکی، لەم ناوەچەیەدا، کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گشتی دەگرێتەوە ئەم جۆرە هونەرە بە هیچ شێوەیەکی ڕێکوپێک و لەسەر یاسای شانۆگەریی و بەو جۆرەی، کە بێ سڵەمینەوە پێی بڵێین(شانۆگەری) نەبووە و نەبینراوە. لەناو کوردەواریدا هەندێک نەریتی کۆمەلایەتی و رەوشتیی خۆماڵی لە دوای سالانی (١٩١٠)وە دەستی پێکرد بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی دەتوانین بڵێین کەمێک بۆنی ئەوەی لێ دەهات، کە بناغەبن بۆ شانۆگەریی کوردی. "** (تەنیا، ١٩٧٦، ٤٣- ٤٤). ڕەفیق چالاک لە بیرەوەرییەکانیدا لە ڕۆژنامەی برایەتی بە وردیی باس لە دەستپێک و سەرەتای مێژووی شانۆی کوردییمان بۆ باس دەکات، کە دەڵێت: **" من و برای بەوەفام (نوری وەشتی) سەرەکی کۆمەڵی هونەر و وێژەی سلێمانی بە تەسجیلێکەوە ڕووامن کردە ماڵی فؤاد ڕەشید، کەوتینە وت و وێژ لەگەڵیدا و لەسەر شریت تۆمارم کرد، وا بۆتانی دەنووسم بە پوختەیی نەک هەمووی، کە نزیکەی سەعاتێکە، مامۆستا فؤاد دەڵێت: بۆ جاری یەکەم لە شاری سلێمانیدا، بۆ خەڵکی کە شانۆگەرییان دەکرد، ساڵی(١٩٢٥_ ١٩٢٦)بوو، لە قوتابخانەی یەکەم، کە ماڵەکەی شێخ مەحمودی نەمر بوو لەبەردەمی مزگەوتی گەورە. ناوی تەمسیلەکە بە عەرەبی(لولا المحامی)بوو، ( ئەگەر پارێزەر نەبووایە) و ئێمە کردبوومان بە کوردی و چیرۆکی پێکەنینی مامۆستای قەدیم، ئەکتەرەکانی ئەم چیرۆکە ئەم برایانە بوون:( فؤاد ڕەشید، عبدالواحید نوری، فائق بێکەس، یحی افندی رسام، عزیزی میرزا ساڵح، حسنی میرزا ساڵح، احمد عزیز ساڵح علی، جمال مجید، شێخ کریم، احمد ابراهیم)، وە هەندێکی کەشە کە بیرم ناماوە، هاندەری سەرەکی و ڕێ پیشاندەرمان خوالێ خۆشبوو(مەحمود جەودەت)بوو، لەگەڵ زابتەکانی ئەو حەلەدا کە ناویانم لە بیر نەماوە، لەگەڵ کاک مصطفی صائب. لەوە پێش لە قوتابخانەکاندا بە تورکی و لە مزگەوتەکاندا و لە ماڵاندا، لە ئاهەنگ و لە سەیراندا تەمسیل هەر کراوە، بەڵام یەکەم تەمسیل کە شێوەیەکی شانۆیی و هونەری بووبێت ئەو تەمسیلە بوو، کە گۆرانییەکەی لە لایەن خۆم و کاک مصطفی صائبەوە بوو، خۆشم ئیخراجم کرد و شانۆکەشمان لە قوڕ دروستکردبوو. لەو تەمسیلەدا کە دوو ڕۆژی خایاند پارەیەکی مناسبمان کۆکردە، نزیکەی (٥٠٠- ٦٠٠) ڕوپییەمان نارد بۆ بەغدا، کەوا دەزانم کاک عەلی ئاغا سەرەکی لێژنەکە بوو، لەم لێژنەیە (باندێکی مۆسیقا)ی تەواوی کرِی ئالاتی هەوائی هێنایەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی(١٩٢٦)دا. ئەمە یەکەم تیپی مۆسیقایە کە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دابمەزرێت لە سلێمانیدا، هەر لەم**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ماوەیەدا زابتێکی خەڵکی کۆیە کە ناوی (عبدالواحید) بوو لە ناوچەی سلێمانی بوو، ئەم کوردە دڵسۆزە شارەزاییەکی تەواوی لە مۆسیقادا هەبوو بە نۆتە، هەموو ڕۆژێک لە ئێوارانداا دەستی دەکرد بە فێرکردنی قوتابییان لەسەر نۆتە لە پشووی بەهاردا".**(چالاک،١٩٧٢،ژ٢٠، ٤-٥). شتێکی زۆر گرنگ و مێژوویی ئەوەیە، کە سەرەتای نمایشکردنی لە سلێمانی دەستنیشانکردووە، کە ساڵی(1925)ە، چونکە زۆر ڕایی دیکە لەو بارەوە هەن، بەڵام ئەو بە ڕوونی ئەوەی یەکلاکردۆتەوە و خۆشی یەکێکی سەرەکی بووە لەو کارەدا.  پاشان لە ساڵانی (١٩٣٠) بەدواوە هونەری شانۆیی و شانۆگەری پەرەی سەند و چەندین کارو چالاکیی بەدی دەکرێت لەوانە: **" قوتابییە کوردەکانیش لە بەغدا لە ساڵانی (١٩٣٠-١٩٣١)دا لەسەر شانۆیی قوتابخانەی مامۆستایان چیرۆکی تەمسیلی (ژن هێنانی کوردەواری)یان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک پێشکەش کرد، ئینجا هەر هەمان کۆمەل(کۆمەڵی قوتابییانی مەکتەبی زانستی)لە ساڵی (١٩٣٢) دا شانۆگەری (سەربازی ئازا)یان پێشکەش کرد لە شوێن چاپخانەکەی ئێستای حەمە ڕەق. "** (تەنیا، ١٩٧٦، ٥٤).  فەرهاد پیربالێش دەربارەی مێژووی شانۆیی کوردی دەڵێت: **" عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری یەکەمین نووسەری کوردە کە شانۆنامەی بە زمانی کوردی نووسیبێت، ئەمەش بەناوی (مەمێ ئالان)، کە لە گۆڤاری (ژین) لە ساڵی ١٩١٩دا لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە. "** (پیربال، ٢٠٠١، ٢٠). دواتر چەندین کەسانی بەتاتوانا و  خاوەن بەهرە دەرکەوتن، کە توانییان ڕێڕەوێک بۆ شانۆیی کوردی دابنێن و بنن بە پێشڕەوی ئەم ژانرە ئەدەبییە، **" ئێمەی کوردیش لە سەرەتادا نەمان دەزانی شانۆ چییە... بەلام چەندین  ڕۆشنبیر و زانامان هەبووە، کە هاتووچۆی دەرەوە و ولاتە عەرەبییەکانیان کردووە و لەوانەوە شت فێربوونە و توانیویانە نمایشی شانۆیی بکەن... لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانەوە شانۆی کوردی دەستی پێکردووە...  وەکو شانۆی (کاوەی ئاسنگەر)، بەزۆریش شانۆی وەرگێڕاومان هەبووە، تا ئەوەی چەندین ڕۆشنبیر پەیدا بوونە و دەستییان بە نووسینی دەقی شانۆیی کردووە. "** (ئەسوەد، ٢٠٠٠، ٦٥).  دواتر بیری شانۆیی  و کارکردن لەسەر ژانری شانۆ پەرەی سەند و ئەوەبوو: **" پیرەمێردی شاعیر لە ساڵی (١٩٣٤)دا شانۆنامەیەکی ٢٢ لاپەڕەیی لە دوو تویێی کتێبێکدا نووسی و چاپی کرد بەناوی (مەم و زین)، کە یەکەمین کەس دەبێت لە کوردستانی عێراق دا شانۆنامەیی لە شێوەی کتێب چاپ و بڵاوکردبێتەوە. "** (کانیاو، ٢٠٠٠، ٦٠). ڕەفیق چالاک توانیویەتی ڕۆڵێکی باشی هەبێت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرەپێدانی شانۆی کردیی و چیرۆکی شانۆیی، ئەوکاتەی لە ئێزگەی کوردی بەغدا کاری دەکرد ، توانی لە ماوەی سالآنی (١٩٥٠-١٩٥٥) دا نزیکی (٢٠٠) چیرۆکیی شانۆیی ڕادیییی بڵاونکاتەوە و پیشکەشی کۆمەڵی کوردەواری کورد بکات. جگە لەوەی بەژداری لە نووسین و دەرگێنان و ڕۆڵبینینی شەش شۆگەریی کوردی بووە لەوانە: ( خەسوە یا ئەژدیها، گڵکۆی تازەی لەیل، بووکی ژێر دەواری ڕەش، پیسکەی تەرپیر، کارکردنی بەکەڵک، لەرێی نیشتمانیدا).

## 2. 1. ج: بابەت و ناوەڕۆکی چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاک:

ڕەفیق چالاک لە ماوەی ئەم شەش ساڵەی تەمەنیدا، کە لە ڕادیۆی کوردی لە بەغداد کاری دەکرد، توانی هونەری چیرۆکی شانۆیی ڕادیۆیی ببوژێنێتەوە و شوێن دەستی دیارە، زیاد لە (٢٠٠) چیرۆکی شانۆیی پێشکەش کردووە، بەرهەمێکی زۆری خستۆتە سەر خەرمانەی ئەدەب و هونەری کوردیی، هەوڵدەدەین لەم بەشەدا تەواوی ئەو چیرۆکە شانۆییانە بخەینەڕوو، کە لەبەردەستماندا هەن و خوێندنەوەیەکی هونەریی و زمانەوانیی بۆ بابەتەکان بکەین.

چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاک:

| ز | ناونیشانی چیرۆکی شانۆیی | نووسینی | ساڵەکەی |
|---|---|---|---|
| .1 | ژان بوو ژن نەبوو | ڕەفیق چالاک | ١٩٥٢/٧/٤ |
| .2 | دەردی هاری | ڕەفیق چالاک | ١٩٥٢/٣/١٦ |
| .3 | تاسەی بەنگ کێشان | ڕەفیق چالاک | ١٩٥٠/٨/٢ |
| .4 | جەژنتان پیرۆزبێت | ڕەفیق چالاک | ١٩٥٢/٦/٢٤ |
| .5 | پیاوی دوارۆژ | ڕەفیق چالاک | ١٩٥٢/٦/٧ |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چیرۆکە شانۆییەکان زۆرن، بەڵام ئێمە هەوڵدەدەین بە کورتی چەند دانەیەکیان باسبکەین و بیخەینەڕوو، ئەمانەش چەند نموونەیەکن لە چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاک:

**١- ژان بوو، ژن نەبوو:**

ڕەفیق چالاک نووسەری ئەم چیرۆکە شانۆییەیە، کە لە ڕادیۆیی کوردی بەغداد پێشکەش کراوە، مێژووی ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتی (١٩٥٠/٧/٤)، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات و نووسەر خۆی لە یەکەم دێڕدا ڕستەی نارێکی کۆمەڵایەتی نووسیوە و ئاماژە بەوە دەکات، هەموو مرۆڤێک، کە لەدایک دەبێت بە پاکی دێتە ئەم جیهانە! بەڵام ئەوە کۆمەڵگا و ژینگە و بارودۆخ و گوزەرانی ژیان وا لە مرۆڤەکان دەکات بگۆڕێن، ئەگەر بێت و سەیری ناونیشانی چیرۆکەکە بکەین، دەبینین نوسەر وشەی ژنی بەکارهێناوە باس لە کۆڵەگەی خێزان دەکات، ئەوە دایکە یان ژنە شیرازەی ماڵی بەدەستە . هەروەها پەروەردەکردنی منداڵ لە ئەستۆی ئەو دایە و ئەگەر ژن باش بووە، ئەوا منداڵەکانیش لە داهاتودا باش دەبن و دەبن بە کەسێک سوودی بۆ مرۆڤایەتی دەبێت و دەتوانێت لە بوارێکدا خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بکات. ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باس لە ژنی سەر بە کێشە دەکات، کە هەمیشە پرتە و بۆڵەیانە بەسەر مێردەکانیاندا و زۆر بە مەسرەفن، لەم چیرۆکەدا چوار کارەتەری تێدایە، ئەوانیش: (نازەنین، عەزیز، کەمال، پەروین)، عەزیز کارمەندی حکومەتە و نازەنین ژنی ئەوە، کەمال هاوڕێی عەزیزە و پەروینیش ژنی دووەمی عەزیزە. لێرەدا عەزیز زۆر ماندوو و بێزارە لە دەست ژنی یەکەم(نازەنین)، هەمیشە پرتە و بۆڵەیەتی و قەرزاری خەڵکە، عەزیز بۆ دانەوەی قەرزەکانی ناچاردەبێت ڕۆژێک دزی بکات، بەڵام زۆر دەترسێت و کەمالی هاوڕێی دێتە ماڵی، ئەویش هەموو کێشەکانی بۆ باسدەکات، کەمال بڕیاردەدات (١٥٠) دیناری بداتێ، تاوەکو قەرزەکانی بداتەوە، بەڵام بە مەرجێک، کە نازەنین تەڵاق بدات و لێی جیاببێتەوە، ژیانکردن بەم شێوەیە و لەگەڵ ئەم جۆرە ژنانە زۆر ئەستەمە، دواتر عەزیز ژن دێنێت و پەروین دەبێت بە هاوسەری، ژیانێکی زۆر خۆش دەژین و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی، پیاو کە ژنەکەی لە پشتی بێت و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵیدا بێت، دەتوانێت بەسەر هەموو کێشەیەکدا سەربکەوێت و ژیانێکی پڕ ئارامی و دوور و درێژ بژین. ئەمەش نموونەیەک لە دەقی چیرۆکە شانۆییەکە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

" نازەنین: سا چونکە وا ئەڵێی با مژدەت بەمێ ئەبێ شەش دیناریش بدەی بە خواجە ئەسحەقی زەڕەنگەر، سێ دینار و نیویش بە وەستا عەبدوڵڵەی پێڵاودروو، چوار و ڕوبعێکی کۆگاشم لەسەرە.

عەزیز: دەک موبارەکم نەکرد ئاوا! گوتی کوردە مەیکە بەدووا! گوتی ئەیکەم بەچوار! ئاخر ئافرەت، من ئەم پارانە بەچی بدەم، بەچی؟ دەتێم بگەیێنە و ڕێگایەکم بۆ بدۆزەرەوە؟ فەرموو ئەوە مەعاشەکە، چۆنی دابەش ئەکەی دابەشیکە؟

نازەنین: من حەقم نییە بەسەرەوە، تۆ پیاوی و ئەبێ ماڵ بەڕێوەبەری، نەتهێشت مەکتەبەکەم تەواوبکەم، ئەگینا ئێستاکە منیش موعەلیمە ئەبووم، کۆڵێ پارەم وەرئەگرت و مەجبووری تۆ نەئەبووم، دەستت لێ پان بکەمەوە.

عەزیز: ئاخر ئافرەت تۆ شەریکمی لەم ماڵەدا، تۆ لە لایەکەوە بێحساب تێبگوشی و من لە لایەکی ترەوە، چۆن گوزەران ئەکەین ".   (محەمەد،٢٠٠٠، ٦١)

زمانی چیرۆکە بە شێوەزاری ناوچەی سلێمانی نووسراوە، ئێمە بۆیە دەستکاریمان نەکرد، وتمان با وەک خۆی بێت و ئەمە شتێکی کلتوری و ناوچەییە، بۆیە هەر وەکو خۆی بە شێوەزاری سلێمانی تێکستەکەمان نووسییەوە. تەنها ئەوەندە بڵێین ئەوەیە نوسەر زمانێکی ئاسان و بێ گرێی بەکارهێناوە، هەموو کەسێک لێی تێدەگات، کاتێک دەقەکە دەخوێنینەوە، بەڵام چەند وشەیەکی عەرەبی بەکارهێناوە، جوانتر بوو بەکاری نەهێنابایە، چونکە وشەی کوردی خۆماڵیمان بەرامبەرییان هەیە، ئەگەر وشەکەمان نەبووایە کێشە نەبوو، بەڵام مادام وشەکەمان لەناو فەرهەنگی کوردیدا هەیە، بۆیە باشترە وشە کوردییە پەتییەکە بەکاربهێنین، بۆ نمونە نوسەر لەبری وشەی (مامۆستا) موعەلیمەی بەکارهێناوە، هەروەها لەبری وشەی مرۆڤ ئینسانی بەکارهێناوە، وشەی موشکیلەی لەبری کێشە بەکارهێناوە.

لەڕووی کات و شوێنەوە، هەموو چیرۆکێک دەبێت کات و شوێنی تێدابێت، چونکە ڕووداو بەبێ ئەم دوو توخمە سەرەکییە درووستنابێت، ئەوانیش کات و شوێنن، چیرۆکەکە لە ماڵی عەزیزە، کات دەمەو ئێوارەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٢- تاسەی بەنگکێشان:**

یەکێکیتر لە چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاک تاسەی بەنگکێشانە، کە مێژووەکەی بۆ (١٩٥٠/٨/٢)دەگەڕێتەوە، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە شانۆییە باس لە دەردێک و کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، کە تاکەکانی کۆمەڵگا پێوەی گیرۆدە بوونە، ئەویش(تلیاککێشان)ە، ڕەفیق چالاک لەو کاتەدا دەرکی بە مەترسی ئەم شتەی کردووە و ویستویەتی میللەتەکەی لەم مەترسییە ئاگادار بکاتەوە و نزیکی نەبنەوە، هەروەها ئەوکاتە، کە ئەم شتە حاڵەت بووە، بەڵام ئێستە بووە بە دیاردە و ڕێژەکەی زۆر زۆر بووە، زۆربەی گەنجانی وڵاتەکەمان تووشی ئەم شتە پیسە بوونە و ژیانیان لێ سەرەوژێر بووە و ناتوانن دەستبەرداری ببن و وازی لێبهێنن. ڕەفیق چالاک لە سەرەتای چیرۆکەکەدا خۆی وەکو چیرۆکبێژ ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە میللەتی کورد لەم شتە پیسە بێبەرییە و لە ناوخۆی ئەم وڵاتە بەرهەمناهێنرێت و دروستناکرێت، بەڵکو لە وڵاتانی دراوسێوە هاوردە دەکرێت و گەنجان و لاوانی کورد تووشی ئەم دەردە پیسە دەکەن، بۆیە ڕەفیق چالاک لەم ڕێگەیەوە پەیامی ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت، کە حکومەت بەهۆش خۆت وەرەوە و فریای هاووڵاتیانی نیشتمانەکەت بکەوە، ڕێگری لەو شتە پیسە بکە، کەوا لە وڵاتانی ئێران و دراوسێکانی دیکەوە دێتە ناو ولاتەکەمان و دەیانەوێت شیرازەی خێزان و پەیوەندی کۆمەلایەتییمان تێکبدەن، ڕەفیق چالاک لەم چیرۆکە شانۆییەدا باس لە چەند پیاوێک دەکات، کە گیرۆدەی ئەم دەردە پیسە بوونە و سەرگەردان و ماڵوێران بوونە، ئەمەی خوارەوە نموونەیەک لە چیرۆکە شانۆییەکەیە:

" ئەحمەد: کەریم دوێنێ زللەیەکم دا لە کابرایەک، لاشەکەی کەوت لەبەرپێما و سەری چوو بۆ ئەمریکا.

کەریم: ڕاست ئەکەی. ڕاست ئەکەی ئەوا دوێنێ بەڕێگادا ئەڕۆم تەماشا ئەکەم شەمەندەفەرێک لە ئەمەریکاوە هاتووە و ڕێگای هەڵە کردووە.

ئەحمەد: ئێ، ئینجا چیت کرد؟

کەریم: چی کرد؟ بانگم کرد بوەستێ کەچی هەر ئاوڕیشی لێ نەدامەوە. (محەممەد، ٢٠١٤، ٥٤).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە درێژایی چیرۆکەکە نووسەر ئەوەمان بۆ دەردەخات و نیشاندەدات، کە تووشبوون بەم شتە پیسە سەرگەردان و توشی خەیاڵپلاویی و بێئاگا لە چواردەور و هۆش و بیرمان دەبات و وەکو منالێکی ساوات لێدەکات. هەموو چیرۆکێک کاتێکی تێدایە، کە ڕووداوەکان لە چ کاتێک ڕوویانداوە، کاتی ڕوودانی ئەم چیرۆکە شانۆییەش(عەسرێکی درەنگ)ە، دواتر شوێنی ڕوودانی کارەکانیش ( چایخانەیەکی قەراغ شار)ە، دوور لە ئاوایی و هاتووچۆی خەڵکی زۆر بەسەرەوە نییە. هەموو چیرۆکێک پێویستی بە کارەکتەرە و بەبێ بوونی کارەکتەر و کەسایەتی ڕووداوەکان ڕوونادەن، بۆیە ڕەفیق چالاک دەورەکانی بەم شێوەیە دابەشکردووە:

(١- ئەحمەد: ڕەفیق چالاک،٢- کەریم: عەلی مەردان،٣- حەمە: نووری عەنبەر،٤- حەسەن: قادر دیلان)، لە چیرۆکەکەدا هەر یەکە لە (ئەحمەد، کەریم و حەمە) هاوڕێی یەکترن و ڕۆژانە دەچنە چایخانەکەی قەراغ شار و خەریکی ئەو بەزمەن، حەسەنیش کوڕی ئەحمەدە.

**٣- دەردی هاری:**

ڕەفیق چالاک نووسەری ئەم چیرۆکە شانۆییەیە، مێژووی ئەم چیرۆکە شانۆییە بۆ (١٩٥٢/٣/١٦)دەگەڕێتەوە، ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکە باس لە نەخۆشی هاریی دەکات، کە لە ئەنجامی گازگرتنی سەگەوە توشی مرۆڤەکان دەبێت، ئەگەر زوو فریا نەکەویت و نەچیتە لای دکتۆر بە ماوەی (١٥) ڕۆژ توشی هاریی دەبیت و دەتکوژێت، ڕەفیق چالاک دنیابینین و باکگراوندی ڕۆشنبیری زۆر بەرزبووە، لەم چیرۆکە زانیاری زۆرمان دەربارەی نەخۆشی هاریی بۆ بەیان دەکات، نیشانەکانی چین و ڕێگای چارەسەرەکەشی داناوە، ئەم بابەتە کێشەیەکی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵگای کوردی، بەداخەوە بە ئێستاشەوە هەر ماوە و بەربڵاوە، ڕاستە ئێستا دونیا پێشکەوتووە و خەڵک کاتێک سەگێک ڕادەگرێت، سەرەتا دەیبات بۆلای دکتۆر و چارەسەری دەکەن و دەرزی لێدەدەن، بەڵام ئێستاش لە لادێکان و زۆربەی شوێنەکانیتر خەڵک بەبێ هیچ سانسۆرێک بە ئارەزووی خۆی سەگ ڕادەگرێت، نە منداڵ نە کەسانی گەورە ناوێرن بەو کۆڵانەدا بڕۆن، لەبەر ترسی گەستنی سەگ و پەلاماردانی ئەو سەگەی، کە ساحێبەکەی زۆر کەمتەرخەمە و نایبەستێتەوە، بۆیە ڕەفیق چالاک لەم چیرۆکەدا ئامانج و پەیامی ئەوەیە، کە دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەگەر تۆ کەسێکی ئاژەڵدۆستیت و حەز بە ڕاگرتنی ئاژەڵ دەکەیت، کەوایە

پێویستە لەسەرت ئاگاداری بیت و دەرزی لە سەگەکە بدەیت و زوو بیبەیت بۆلای دکتۆر، هەروەها بەرەڵای کۆڵانەکانی نەکەیت و بیبەستیتەوە. لەم چیرۆکەدا چەند ڕووداوێکی تێدایە، ئەویش: عەزیز کچێکی هەیە، ناوی نەسرینە لە کۆڵان هاوار دەکات و دەقیژێنێت، کە دەچنە دەرەوە دەبینن سەگی ماڵی عەلی دراوسێیان گازی لە قاچی کچەکەیان گرتووە، بۆیە هەر زوو دەچن بۆلای دکتۆر و فریای دەکەون و دەرزی لە کچەکە دەدەن، ماوەی بیست ڕۆژ لە نەخۆشخانە دەمێننەوە، پاشان کچەکە چاک دەبێتەوە و بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، دواتر دکتۆر پەیوەندی بە پۆلیسخانەوە دەکات، داوایان لێدەکات هەرچی سەگی بەرەڵا هەیە لە شار و کۆڵانەکەن بیگرن و بیانکوژن، چونکە زۆر مەترسیدارن و خەلکی توشی هاریی دەکەن. زمانی چیرۆکەکە بە شێوەزاری سلێمانی نووسراوە، کاتی ڕوودانی چیرۆکەکە دیاری نەکراوە، بەڵام بەڕۆژ ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن، شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان:( ماڵی عەزیز، ماڵی عەلی، نەخۆشخانە، کۆڵان). هیچ چیرۆکێکیش بەبێ کارەکتەر روونادات، بۆیە ئەمەش ئەو کەسانەن، کە دەورەکانییان بینیوە لەم چیرۆکە شانۆییەدا:( ١- پیاو: (عەزیز)، فائیق دڵزار(فائیق چالاک)، ٢- ژن: ئەحمەد دلاوەر،٣- کچ:(نەسرین)، ئەحمەد مەحموود،٤- عەلی: نووری عەنبەر،٥- دوکتۆر: ڕەفیق چالاک،٦- ئەمین: قادر دیلان)، ئەمەش نموونەیەک لە دەقی چیرۆکە شانۆییەکە:

" کچ: (لە دوورەوە ئەقیژێنێ) ئەی هاوار! ئەی هاوار! (دەنگی کاریگەر- وەڕێنی سەگ) چغە! چغ!

ژن: ئەوە دەنگی نەسرین نییە پیاوەکە؟

پیاو: با لەدەنگی ئەو ئەچێ؟

ژن: دەهەڵسە! کوڕە بگەرە فریای.(تەقەی دەرگا)". (محەممەد، ٢٠١٤، ١٣٢).

**٢.١. د: چەمک و پێناسەی شانۆ و چیرۆکی شانۆیی:**

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین، بۆ ناسینی وشەی شانۆ و باسێکی ڕیشەناسی وشەکە بکەین. ئەگەر بمانەوێت بزانین واتای وشەکە چییە و بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتووە. ئەوا بیروبۆچوون و لێکۆڵینەوەی زۆر لەم بارەیەوە هەن، هەمووشیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە مێژووی وشەی شانۆ بۆ وڵاتی یۆنان دەگەڕێتەوە، گریک: یەکێکە لەو وڵاتانەی کە مێژووەکی زۆر دێرینی هەیە و خاوەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زانست و زانیاری و کلتور و شارستانییەکی ئێجگار بەرز و بەپێزە." **ئەگەر بێت و شیکردنەوە بۆ وشەی شانۆ بکەین، ئەوا دەڵێین لە شانۆی ئینگلیزیدا لە زمانی یۆنانی کۆن (théatron) وەرگیراوە، واتە شوێنی نمایش . بە ئینگلیزی پێ دەوترا(Theatre) ، وە بە زمانی عەرەبیش پێیان دەگوت: (المسرح)، زۆربەی شانۆ نوس و هونەرمەندە گەورەکان پێیان وایە، کە باوکی هونەرەکانە و سەرەتایەکەی بۆ سەردەمی یۆنانیەکان (الاغریق) و ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە ، کاتێک کە شانۆ تاکە هۆکار بووە بۆ دەربڕینی هونەری لە دوای زۆرانبازی و پێشبرکێکان ".(** ڕەووف،٢٠١٦، ١٧). وشەی شانۆ، کە لە زمانی یۆنانی تیاترۆی پێدەگوترێت، کە بەواتای شوێنی نمایش دێت. لەزمانی عەرەبیشدا وشەی مەسرەحی بۆ بەکارهاتووە و لەزمانی کوردیش وشەی شانۆ بەرامبەر ئەم وشەیە بەکاردێت، بەڵام لەناو خەڵکە عەوامەکە وشەی تیاترۆ بەکارهاتووە، کە واتایەکی خراپی بۆدانراوە و بە واتای شتی خراپ و ئافرەتی خراپ و سۆزانی دەگەیەنێت. شانۆ لەهەر سەردەم و قۆناغێکدا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە و لەهەموو وڵات و شارستانییەکدا گرنگی خۆی هەبووە. شانۆ لە دوو لایەن پێکدێت، ئەوانیش دەقی شانۆیی و نمایشکردنە. هەتا دەقی شانۆیی نمایش نەکرێت ناتوانێت ئەو ڕووحەی بەبەردابکرێت و حەقی خۆی پێبدرێت. هەردوو لایەنەکەش تەواوکەری یەکترن و هەردووکیان سوود و گرنگی خۆیانییان هەیە و وەک دوو ڕووی دراوێکە و ناتوانرێت لێک جیابکرێتەوە." **دەبێت ئەوە بڵێین کە شانۆ و قۆناغەکانی لە هەر (ئیپۆکێک-چاخێک)دا، لەدەرەوەی بۆچوونە باوەکان هەمیشە پێش قۆناغی خۆی کەوتووە لەڕووی (ئایدیا و ترادسیۆنەوە)، ئەمە جگە لە دۆخە کۆمەڵایەتی و میللییەکەی واتە چ خوێندنەوەی شانۆنامە و چ بینینی شانۆگەری یاخود نمایشی شانۆی، گەیاندنی وەرگرە بە جیهانێکی تر و لەگەڵ ئەوەشدا زمانی تیۆر و مەعریفەش تەواوکەری پرۆسەکەیە هەروەکو (جولیاکرستیڤا) کە بیریارێکی بولغاریە دەڵێت:-(زمانی تیوری زمانێکی جیهانییە). کە لە دواین جاردا دەبێتە زمانێکی نێودەوڵەتی و ترازانە لە جیهانی (لۆکاڵی-ناوچەیی)..کەواتە گرنگی و بایەخی فێربوونی تیۆری و بوونی باکگراوند ،کارێک دەکات لە زمانی شەخسی و ناوچەیی و مەزاجی و...هتد.)دووربکەوینەوە و بگەینە زمانێکی گەردوونی ، کەیارمەتیمان دەدات لەدەرەوەی بوونی ناسنامەی نەتەوەی پێوەربێت .هەر وەکو نووسەر (.تغارید بیچون) لە**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نووسینێکیدا بە ناوی (بۆس الفلسفی)دا دەڵێت:- دابڕاندنی لۆژیکی گشتی بە تایبەت ،مرۆیی و گروپی، پێوانەی گەردوونی و کیشوەری و لۆکاڵی:-بەهۆی دابڕینی تیۆر و پراکتیکە لە یەکتری".**(نەریمان،٢٠١٠، ٦٧). هەموو ئەو بۆچوونانەی، کە هەن دەربارەی بوونی پەیوەندی تیۆری و پڕاکتیکی جێگای بایەخن و ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە و بۆچوونەکان زۆر ئەکادیمی و بەجێن. بۆیە ناکرێت تیۆری و پڕاکتیکی لەیەکتر جیابکرێتەوە و لەیەکتر دابڕێندرێن. چونکە هەردووڵا تەواوکەری یەکترن و بەهەردوو لا سوود و گرنگی کاریگەری بەدەردەخرێت. پێویستە هەموو شانۆکارێك لە دەستپێکی کارکردنی لەسەر خەونی شانۆیی لەپاڵ ئەوەی، کە کار لەسەر پێداویستییەکانی شانۆ دەکات، تاوەکو بتوانێت بەیەکسانی بینەران و نمایش لەناو پانتایەکی جیاوازدا کۆبکاتەوە، پێوستە شانۆکاران هەمیشە کار لەسەر هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شانۆیەکانی دەوروبەر و شانۆ باوەکان بکەن، چەمکی شانۆ چەندین ڕەهەندی (نمایشی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئەخلاقی و فەلسەفی و سیاسی) دەگرێتەوە و کاری لەسەر دەکرێت. ڕوحکردن بەبەر دەقی شانۆ لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە دەقی شانۆییەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن و لەسەر تەختەی شانۆ نمایشدەکرێت. **شانۆ ئەو شوێنەیە کە شانۆکەی تێدا نمایش دەکرێت و لەلایەن شانۆکارانەوە خەڵك کۆدەکرێتەوە بۆ سەیرکردنی نمایشە شانۆییەکە، بە مانا و شیوە هونەرییەکەی کە دەقی شانۆگەری ئەدەبی نووسراوی تێدا دەگۆڕدرێت بۆ دیمەنی بینراو، نوێنەرایەتی ئەو دەقە دەکرێت لەلایەن ئەکتەرەکانی سەر شانۆ لە بەردەم جەماوەردا، شانۆ جیاوازە لە شانۆگەرییەکە، هەرچەندە ئەو دوو وشەیە هەندێک جار بۆ هەمان بایەخ بەکار دەهێنرێن.**(حجیلی،2017، 140). ئێمەش پێمان وایە بۆچووونی حەجیلی زۆر بەجێ و ئەکادیمییە. چونکە شانۆ زۆر جیاوەزا لە شانۆگەری. هەرچەندە شانۆت هەبێت هەتا نەخرێتە سەر تەختەی شانۆ ئەوا پێی ناوترێت شانۆگەری و لەنگییەک و ناتەواوییەکی تێدایە. ئەم ناتەواوییە بە نمایشکردن پڕدەکرێتەوە و ڕووح بەبەر جەستەی شانۆکە دەکرێت و دەیکات بە شتێکی زیند و بۆ هەتا هەتایە. بۆیە چۆن ناتوانین تیۆری لە پڕاکتیکی جیابکەینەوە و هیچکامێکیان گەورەتر نیشانبدەین بەسەر ئەویتریان. ئەوا بۆ دەقی شانۆ و شانۆگەری هەمان شتە و وەک دووڕووی دراوێکە و ناتوانرێت لێکجیابکرێتەوە. **شانۆگەرییەکە دەقی ئەدەبی نووسراوە و ئاماژە بە لایەنی ئەدەبی نمایشە شانۆییەکە دەکات، کە یەکێکە لە توخمە**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگەکانی شانۆ وەک دەرهێنان و نواندن و مۆدە و ڕووناکی و لایەنی هونەری و مۆسیقا و گۆرانی وتن و هەندێک جار هەڵپەڕکێش، بەڵام شانۆ بە باوکی هونەرەکان وەسف کراوە، بۆ هەڵمژینی ئەو توخمە هونەرییانە کە تێکەڵکراون، دەکرێت شانۆ بە سادەیی وەک دیاردەیەکی هونەری پێناسە بکرێت کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی هۆشیارانە و ئەنقەست لە نێوان ئەکتەر و بینەردا کە لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودایە، و ئامانجی بەرجەستەکردنی دەقێکی ئەدەبییە لەلایەن شانۆکارانەوە، جێی تێبینیە هەرچەندە چەمکی شانۆ سادەیە بەڵام هیچ پێناسەیەکی تەوافوقی تاک بەدیناکرێت وەک بەڵگەیەک لەسەر فرەیی پێناسەکانی شانۆ لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا جیاوازەکاندا.** (مبارکی ،2001، 167). هەر زانست و ئەدەبێک کە سەر هەڵدەدات چەندین پێناسە و بیر و بۆچوون بەدوای خۆیدا دێتە ئاراوە، ئەوانەی لەم بوارەدا ئیشدەکەن هەوڵدەدەن بە ئایدیا و بۆچوونی خۆیان لە بابەتەکە بڕوانن و بەیانی بکەن، ئەمە بۆ هەموو بابەت و زانستێک هەروایە و ئاساییە. بۆ مەسەلەی شانۆ و پێناسەکردنی شانۆ چەندین بۆچوون و ئایدیا هەن، کە لەمەڕ بابەتەکە بەیان دەکەن و لێی دەدوێن. ئەوەی گرنگە لە کۆتاییدا هەموو بۆچوونەکان دەچنەوە سەر یەک ئاڕاستە و یەک واتا و مەفهوم دەگەیەنن. بۆیە ئێمەش پێمان وایە: شانۆ ئامراز و ڕێگایەکە بۆ بەتاڵکردنی ناخی کەسەکان و هێورکردنەوەی دەروونی مرۆڤەکان و هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئاسوودەیی ڕۆح. **شانۆ جۆرێکە لە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤ و بیرو بۆچوونە جیاوازەکان بە بەکارهێنانی هونەری ئاخاوتن و جووڵانەوە و بە یارمەتی هەندێک کاریگەری تر و هەروەها ئامرازی خۆشی و خۆشییە بەقەدەر ئامرازی دەربڕین، شانۆکە تەنیا بۆ بینەران و ئەکتەرەکان سنووردارە و پێناسەیەک هەیە بۆ شانۆ لە خزمەتگوزاری زانیاری بەریتانیا کە هونەری شانۆ سنورداره بە نمایشە ڕاستەوخۆکان، کە بە وردی ئاراستە دەکرێن، لەگەڵ پلانی توند بۆ دروستکردنی هەستێکی قووڵی دراما** .(ادریس،1984، 54). هەربۆیە ئەوە شانۆیە، هەر لەدێر زەمانەوە مرۆڤەکانیان ئاڕاستە کردووە بۆ ئەوەی ئەو هەستە پەنگخواردووەی ناخیان بەدیار بخەن و ئاسوودەییەک بەناخیان بدەن، ئەوە شانۆیە بووەتە پردی گفتوگۆ و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و مرۆڤەکان لە شوێنێک کۆدەکاتەوە و تێکڕا پێکەوە هەستی خۆشی یان ناخۆشی دەچێژن و دەگرین و پێدەکەنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ئەنجام

١-ڕەفیق چالاک شانۆکارێک و ئەکتەرێکی باش و بە ئەزموونی سەردەمی خۆی بووە.

٢-گۆرانیبێژێکی باشی سەدەی بیستەم بووە، خاوەنی دەنگێکی نەرم و خۆش بووە.

٣-لە بواری ڕاگەیاندن دەستێکی باڵای هەبووە و ئەزموونێکی باشی لەم بوارەدا هەیە.

٤-ڕەفیق چالاک ئاوازدانەرێکی بە ئەزموون بووە و توانیویەتی زۆربەی سرووده نیشتمانییەکانی شاعیرانی کورد زیندوو بکاتەوە و بەگوێی گەنجان و لاوانی میللەتەکەیدا بدات.

٥-جگە لە زمانی دایکی زمانی عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە و چەندان چیرۆکی شانۆیی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

٦-ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە سیاسەتی ئەوکاتەدا و دەست تێکەڵاوی لەگەڵ حیزب و پارتەکانی ئەوکاتەدا هەبووە.

٧-نووسەرێکی بە ئەزموون و لێهاتوو بووە لە نووسینی دەقی شانۆیی، یەکەم شانۆگەری (کارکردنی بەکەڵک)، کە لەساڵی ١٩٥٢ چاپیکردووە. شانۆگەری تری وەرگێڕاوە و لە سەر شانۆ نیشاندراون، بەڵام چاپی نەکردوون.

## لیستی سەرچاوەکان:

١-ئەحمەد، د.کیفی، (٢٠٢١)، شانۆ و دراما لە وراتی کۆیە، (١٩١٩-٢٠٢١)، چ١، چاپخانەی تاران.

٢-ئامێدی، بەیان ئەحمەد حسێن، (٢٠١٢)، گۆشەنیگا لە ڕۆمانەکانی سەبری سلێڤانی دا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی دهۆک.

٣-ابراهیم، زانیار زیاد، (٢٠٢١)، ئیستاتیکای شوێن لە دەقە شیعرییەکانی(لەتیف هەڵمەت)دا ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.

٤-ئیبراهیم، سەمیر ئەحمەد، (٢٠١٥)، هونەرەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی(خوسرەو جاف)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

٥-ئیسماعیل، سەباح، (٢٠٠٥)، چەمک و ئستاتیکای شوێن لە ئەدەبدا، لێکۆڵینەوە، چ١، چاپخانەی ئەرابخا، کەرکوک.

٦-ئەسوەد، وشیار ئەحمەد، (٢٠٠٠)، شانۆی کوردی لەنێوان کۆن و نوێ دا، گۆڤاری سینەما و شانۆ، ژ٩.

ئەلۆونی، د. نەجم خالید، (٢٠٠٩)، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا، چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، هەولێر.

٦-سابیر، پەرێز، (٢٠٠١)، بینای هونەری چیرۆکی کوردی- لە سەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٧-ڕەئوف، دانا، (٢٠١٦)، تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، چ١، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

٨-نەریمان، عەبدوڵا، (٢٠١٠)، سەرەتایەک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک، چ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٩-صبری، ڕازاو ڕەشید، (٢٠١٠)، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، چابخانەی هاشم، هەولێر.

١٠-ڕەووف، دانا، (٢٠١٦)، تیۆر و پراکتیک لە کتێبەکانی شانۆدا، چ١، چاپخانەی سەردەم، کوردستان، سلێمانی.

١١-تەنیا، حەسەن، (١٩٧٦)، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

١٢-فەرەج، سنور قادر، (٢٠١٢)، تەکنیک لە کۆمەڵە چیرۆکی (گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسەن دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆییەکان، سکوڵی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.

١٣-کانیاو، (٢٠٠٠)، سەرەتایەک بۆ نوسینەوەی مێأووی شانۆی کوردی، بەشی یەکەم، ژ٧.

١٤-محەمەد، عیرفان ئەحمەد، (٢٠٠٠)، شانۆی کوردی یا بزاڤی شانۆی کوردی لەبەر ڕۆشنایی چەند دید و بۆچوونێکی جیاوازدا، گۆڤاری سینەماو شانۆ، ژ٧.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٥-بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، (٢٠٢١)، بەڵگەنامە، شەقامی ١١ پیرەمەگروون، گەڕەک بەرانان ١٠٧، خانوو ٣٧، سلێمانی.

١٦-پیربال، فەرهاد(د.)،(٢٠٠٢)، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، چاپی یەکەم،چاپخابنەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٧-چالاک، ڕەفیق، (١٩٧٢)، ئەوەی دەیزانم لەبارەی هونەرەوە، برایەتی، ژ ١٣، خولی چوارەم، بەغدا.

١٨-چالاک، ڕەفیق، (١٩٧٢)، ئەوەی دەیزانم لەبارەی هونەرەوە، برایەتی، ژ ٢٠، خولی چوارەم، بەغدا.

١٩-چالاک، ئازاد ڕەفیق،(٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن، ژیاننامەی باوکم، سەعات(١٠:١٥)بەیانی،کتێبخانەی گشتی، سلیمانی.

٢٠-حەمە، توانا،(٢٠١٦)، موزیک و سیاسەت تیپی موزیکی شەهید کارزان بە نموونە،چاپی یەکەم،سلێمانی.

٢١-کەبابچی، ئەمیر،(٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن، ئەرشیفی ئەمیر کەبابچی(گۆرانی و چیرۆکە شانۆییەکانی ڕەفیق چالاک)، سەعات(٣:٣٠) عەسر، هەولێر.

٢٢-محەمەد،کەمال ڕەئووف، (٢٠٠٠)، هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی، کۆمپیوتەر و چاپی دەزگای سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢٣-محەممەد،کەمال ڕەئووف،(٢٠١٤)، مێژووی ڕادیۆی کوردیی بەغداد ١٩٣٩-١٩٥٨، بەرگی یەکەم، جزمی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیریی، هەولێر.

٢٤-ئەحمەد، د. کیفی، (٢٠٢١)، مێژووی شانۆی کوردی، محازەرات، سیمستەری یەکەم، زانکۆی کۆیە.

٢٥-ادريس، يحيى، (١٩٨٤)، المسرحيه التاريزيه فى العراق، معهد البحوث و الدراسات العربيه، بغداد.

٢٦-حجيلى، نجاة، (٢٠١٧)، تداوليه الحوار المسرحى (أوديب لتوفيق الحكيم أنمودذجا)، رساله ماجستير، كليه الاداب و الغات، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة.

٢٧-مباركى، بوعلام، (٢٠٠١)، توظيف التراث الشعبى فى المسرح الجزائرى، رساله ماجستير، جامعه وهران، الجزائر.

## The Role of Rafiq Chalak in The Development of Kurdish Theater

**Shamal Aziz Hamad amin Raswl**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya university, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Shamal.00145474@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Kaify Ahmad Abdulqader**
Department of Kurdish Language, Faculty of Education, Koya university, Koya, Kurdistan Region, Iraq.
Kaify.ahmad@koyauniversity.org

***Keywords:*** *Storyteller, Translator, Playwright, Singer, Actor*

## Abstract

Every nation has its own genre of theater. The Kurdish nation emerged in the early twentieth century. The content of theatrical texts and plays stem from the lives of individuals in Kurdish society. The title of the research is: (The role of Rafiq Chalak in the development of Kurdish theater), through which we have been able to discuss the efforts and experiences of Rafiq Chalak in the field of writing theatrical texts and playing roles in plays. Rafiq Chalak was not only a good writer of plays, but also an experienced translator. He was able to translate several plays into Kurdish and directed several plays.

**گۆڤاری قەڵای زانست**

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(١)، بەهاری٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ملخص**

كل أمة لها نوع خاص بها من المسرح. ظهرت الأمة الكردية في أوائل القرن العشرين. إن مضمون النصوص المسرحية والمسرحيات نابع من حياة الأفراد في المجتمع الكردي. عنوان البحث: (دور رفيق جالاک في تطوير المسرح الكردي) استطعنا من خلاله مناقشة جهود وخبرات رفيق شلق في مجال كتابة النصوص المسرحية ولعب الأدوار في المسرحيات .لم يكن رفيق جالاک كاتب مسرحيات جيد فحسب ، بل كان أيضًا مترجمًا متمرسًا. تمكن من ترجمة العديد من المسرحيات إلى اللغة الكردية وأخرج عدة مسرحيات.